Summary of Quality Assurance Regulations

Ministry of Higher Education and Scientific Research
Kurdistan Region

The booklet Quality in Higher Education sets out the Ministry of Higher Education and Scientific Research's framework for quality assurance in the Kurdistan Region. Its central principle is that quality assurance (QA) is a continuous process of planning, implementation, evaluation and improvement, not simply the completion of assessment forms.

1 Purpose and scope

The framework aims to improve teaching and learning, protect students' rights, strengthen academic staff performance and maintain confidence in university qualifications. It applies to public and private higher education institutions.

Its principal areas are teaching quality assurance, continuous academic development, academic staff portfolios, curriculum development, licensing and accreditation. Institutions are expected to identify weaknesses, document findings and take corrective action.

2 Governance and institutional responsibility

Responsibility is distributed across several levels:

Level	Main responsibility
Ministry and its QA and Accreditation Board	Develop policies and standards, oversee implementation, review admission plans, and consider licensing and accreditation proposals.
University or institution leadership	Assume overall responsibility for educational quality and ensure that QA procedures operate effectively.
University QA Directorate	Coordinate implementation, monitor activities, analyse evidence, prepare reports and communicate with the Ministry.
Faculty, college, school and department QA committees	Implement procedures locally, review courses, collect feedback and report findings.
Course coordinators and academic staff	Maintain course documentation, support students, organise delivery and assessment, and respond to identified weaknesses.

The framework requires coordination between QA bodies and those responsible for admission planning, so that student intake is consistent with staffing, facilities and institutional capacity.

3 Responsibilities of QA directors and coordinators

QA directors oversee teaching-quality activities and continuous academic development, coordinate internal committees and external assessors, and monitor compliance with Ministry instructions.

Course coordinators act as a link between students and teaching staff. Their duties include organising course books, maintaining communication, coordinating timetables and ensuring that student feedback is collected.

Departmental QA committees submit annual reports in September reviewing the previous academic year, including strengths, weaknesses and matters requiring improvement.

4 Course review and course books

Courses should be reviewed regularly at departmental level to ensure that their content remains academically sound and up to date. Academic staff are expected to improve their subject knowledge through research, training, conferences and workshops.

A course book should be provided at the beginning of the academic year. It should explain:

- Course and instructor details, including contact information.
- Course overview, objectives and intended learning.
- Topics, their objectives and academic content.
- Reading lists and references.
- Examination question types and illustrative answers.

The course book is intended to help students understand what they will study, what is expected of them and how their learning will be assessed.

5 Student assessment and examination quality

Assessment should be fair, academically appropriate and consistent with the objectives of the course and institution. The document calls for periodic review of assessment arrangements and programme content, generally every two to three years.

Teachers should explain examination formats, provide sample questions and model answers, and prepare questions at different levels of difficulty. The booklet also provides for checking failed examination scripts by two teachers as a safeguard for fairness.

6 Student feedback and protection of rights

Students are entitled to receive course information and provide feedback on teaching, course content and assessment. Feedback should be collected through structured questionnaires at the end of the relevant course, semester or academic year.

QA committees must analyse the responses, prepare reports and communicate findings to the responsible academic and administrative authorities. Teachers should be able to review feedback concerning their performance and use it to improve their teaching.

The process should protect confidentiality and encourage constructive academic criticism, rather than personal accusations or retaliation. Students also have responsibilities relating to attendance, conduct and compliance with institutional rules.

7 External assessment

An external assessor should be an experienced academic from another institution who can provide an independent judgement of academic standards.

External assessment covers course books, subject content, teaching quality, examination questions, student answers, marking and the implementation of QA procedures. Assessors may examine work across different achievement levels and discuss issues with staff and students.

Their reports should be considered by the relevant academic committees and university authorities. The booklet normally envisages a four-year association between an external assessor and the department.

8 Continuous Academic Development

Academic staff are expected to continue developing their knowledge and professional competence alongside their teaching duties.

Recognised activities include seminar attendance and delivery, conferences, workshops, research publications, books and translations, postgraduate supervision and examination, and academic committee work.

Institutions should organise seminar programmes, record participation, collect feedback and retain supporting evidence. The accompanying forms document schedules, attendance, evaluations, participation certificates and annual activity totals.

The booklet contains different scoring tables for groups of institutions. Soran University is explicitly included in the table on PDF page 57. Consequently, the document should not be interpreted as prescribing one identical numerical threshold for every institution.

9 Academic staff portfolios and performance evaluation

Each academic staff member should maintain a portfolio supported by evidence of teaching, research, professional development, administration and community engagement.

Portfolio contents include a CV, teaching philosophy, course information, assessment examples, external assessment reports, publications, supervision, committee membership, professional activities and recognition received.

The booklet describes an annual evaluation cycle: portfolios are submitted by the end of April, evaluated before the end of May, and the approved results are subsequently reported through the institutional structure.

Portfolio evaluation complements student feedback and staff-development records; these are separate sources of evidence rather than interchangeable measures.

10 Confidentiality recognition and improvement measures

Information collected about teachers and academic leaders must be handled confidentially. Evaluation should lead to constructive discussion, identification of development needs and follow-up action.

The booklet provides for recognition of strong performance and graduated measures for weak performance. Depending on the relevant category, these include warnings, further assessment, training and restrictions on certain duties or benefits.

It also describes peer review of teaching, while noting that this element had not yet been implemented when the booklet was prepared.

11 Curriculum development

Curriculum development is intended to move students from passive reception of information towards independent learning, academic discussion and critical thinking.

The framework emphasises language competence, information technology, practical skills and preparation for employment. It describes a preparatory emphasis in the first year, followed by increasing disciplinary and practical specialisation.

Curriculum changes should originate through academic departments and proceed through the appropriate institutional review and approval arrangements. Curriculum-development staff are organisationally distinct from QA staff but should coordinate closely with them.

12 Licensing accreditation and graduate follow up

Licensing concerns permission to establish or operate academic units and institutions. Proposals should document their mission, vision, objectives, academic plans, staffing, facilities, finances, student capacity, QA arrangements and health and safety provisions.

Accreditation involves external evaluation of whether an institution or programme meets appropriate standards. The booklet presents it as a means of protecting qualification quality, strengthening public confidence and preventing low-quality degree provision.

Institutions should also maintain contact with graduates and collect information about employment and career progression. This provides evidence of programme relevance and the contribution of higher education to society.

Overall conclusion

The Ministry's framework requires institutions to demonstrate that they plan educational provision carefully, evaluate its quality using several sources of evidence, protect confidentiality, support staff development and act on the findings.

For Soran University's accreditation documentation, relevant evidence would therefore include approved QA structures, course books, feedback analyses, external assessment reports, staff portfolios, development records, curriculum-review decisions and documented improvement actions. These would demonstrate implementation; the Ministry booklet itself establishes the framework, not proof of institutional compliance.

.

کوالێیتی لە خوێندنی باڵا

کۆکراوەی ڕێنماییەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە سیستەمی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان

Ministry of Higher Education & Scientific Research

2006



بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

حکومەتی هەرێمی کوردستانِ



کۆکراوەی ڕێنمایی کانی پڕۆسەی دڵنیایی جۆری
لە سیستەمی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان

خوێندنی باڵا



وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین

پێشکەش

ماموستایانی بەڕێز

ئەم نامیلکەیەی لەبەر دەســتاندایە بریتیە لە پوختەی پێناســەی پرۆســەی دڵنیایی جۆری لەگەڵ کۆکــراوەی ئــەو ڕێنماییانەی کــە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە ســەبارەت بــە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پرۆسەکە دەرچوونە.

دڵنیایی جۆری پرۆسەیەکی بێ کۆتاییە و مەبەستی سەرەکی تێیدا بریتیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و فێربوون لە ڕێگەی هەڵســەنگاندنی ئەدای ماموّســتا و قوتابیان بە شێوازێکی بەردەوام، و ڕێگەنیشاندانیان بۆ خۆچاکردن و گەشەپێدان.

بە پێی ســتراتیجیەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا، پرۆســەی دڵنیایی جۆری بریتیە لەچوار بەرنامەی لێکبەستراو.

یەکەمیان: بەرنامەی دڵنیایی جۆری لە خوێندن و ڕاهێنان، کە بۆ هەڵســەنگاندنی مامۆســتا و پاراســتنی مافی خوێنــدکاران دانراوە و لە ڕێگەی چەند پڕۆســەیەکەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە:

- پێدانی کۆرس بووک بە خوێندکاران لە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی خوێندن
- وەرگرتنەوەی فیدباکی قوتابی کە پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ کۆدەکرێتەوە و لە لایەن لێژنەی دڵنیایی جۆری بەش و فاکەڵتیەوە شــی دەکرێتەوە و بــۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری زانکۆ دەنێردرێت.
- هەڵســەنگێنەری دەرەکی کە بەرنامەی خوێندن و تاقیکردنەوەکان هەڵدەسەنگێنێ و چاو بە چونیەتی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی دڵنیایی جۆری لە بەشە زانستیەکاندا دەخشێنێت.

دووەم: گەشەپێدانی خودی مامۆستا، کە بریتیە لە پڕۆسەکانی

- زانسخوازی بەردەوام
- هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا
- پێداچوونەوەی هاوەڵان

سێیەم: پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، کە بریتیە لە:

- پتەوکردنی توانای زمانەوانی، بە تایبەتی ئینگلیزی وعەرەبی.
- پتەوکردنی توانای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیاری بۆ دەســتکەوتنی زانیاری بە شێوازێکی سەربەخۆ.
- فێرکردنی خوێندکار بۆ چۆنێتی بیرکردنەوە و ئاڵوگۆڕی فیکری زانستی بە دیدی ڕەخنەگرانە.

چوارەم: مۆڵەتپێدان و متمانەبەخشین بە زانکۆ حکومەتی و ئەهلیەکان لە کاتی کردنەوەی بەش، سکول، کۆلیژ یان فاکەڵتی و زانکۆی نوێ. لە ڕێگەی ئەو پڕۆسەیە ژێرخان و توانا مرۆییەکان و دابین کردنی پێداویستیەکانی تری وەک ئامێر و کەلوپەل و میکانیزمی تەندروستی و سەلامەتی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت.

دیارە کە سیستەمی دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستاندا تازە لە دەستپێکدایە و ساڵ لە دوای ساڵ بە هۆی کەڵەکە بوونی ئەزموون و چاوپێخشاندنەوەی بەردەوام و هەوڵ و هیممەتی مامۆستایانی پێشەنگ، گەشە دەستێنێ، و دەوڵەمەندتر و تۆکمەتر دەبێ.

بەڕێزان، پڕۆسەی دڵنیایی جۆری مولکی مامۆستایە، و ئامانجە سەرەکیەکانیشی نەک تەنیا بریتین لە پاراستنی مافی خوێندکار، بەڵکو بۆ پیرۆز ڕاگرتنی پیشەی مامۆستایەتی و بەرزڕاگرتنی هەیبەتی زانکۆ و دەستەکانە و بۆ مسۆگەر کردنی ئایندەیەکی گەشترە بۆ خەڵک و خاکی هەرێمەکەمان. بۆیە وا لە مامۆستایان چاوەڕوان دەکرێت کە بەبێ دوو دڵیی بەشداری چالاکانە لە سەرخستنی ئەو پڕۆسەیە بکەن و بیکەنە بەشێکی دانەبڕاو لە کاری ڕۆژانەیان.

پڕۆفیسۆر دلاوەر عبدالعزیز علاءالدین
وەزیری خوێندنی بالا و تویژینەوەی زانستی

و

دکتۆر شیروان نوری غەفور
بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری
لە وەزارەتی خوێندنی بالا و تویژینەوەی زانستی

چوارەم: مۆڵەتپێدان و متمانەبەخشین بە زانکۆ حکومەتی و ئەهلیەکان لە کاتی کردنەوەی بەش، سکول، کۆلیژ یان فاکەڵتی و زانکۆی نوێ. لە ڕێگەی ئەو پڕۆسەیە ژێرخان و توانا مرۆییەکان و دابین کردنی پێداویستیەکانی تری وەک ئامێر و کەلوپەل و میکانیزمی تەندروستی و سەلامەتی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت.

دیارە کە سیستەمی دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستاندا تازە لە دەستپێکدایە و ساڵ لە دوای ساڵ بە هۆی کەڵەکە بوونی ئەزموون و چاوپێخشاندنەوەی بەردەوام و هەوڵ و هیممەتی مامۆستایانی پێشەنگ، گەشە دەستێنێ، و دەوڵەمەندتر و تۆکمەتر دەبێ.

بەڕێزان، پڕۆسەی دڵنیایی جۆری مولکی مامۆستایە، و ئامانجە سەرەکیەکانیشی نەک تەنیا بریتین لە پاراستنی مافی خوێندکار، بەڵکو بۆ پیرۆز ڕاگرتنی پیشەی مامۆستایەتی و بەرزڕاگرتنی هەیبەتی زانکۆ و دەستەکانە و بۆ مسۆگەر کردنی ئایندەیەکی گەشترە بۆ خەڵک و خاکی هەرێمەکەمان. بۆیە وا لە مامۆستایان چاوەڕوان دەکرێت کە بەبێ دوو دڵیی بەشداری چالاکانە لە سەرخستنی ئەو پڕۆسەیە بکەن و بیکەنە بەشێکی دانەبڕاو لە کاری ڕۆژانەیان.

پڕۆفیسۆر دلاوەر عبدالعزیز علاءالدین
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

دکتۆر شیروان نوری غەفور
بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری
لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

پێشکەش

ماموّستایانی بەڕێز

ئەم نامیلکەیەی لەبەر دەســـتاندایە بریتیە لە پوختەی پێناســـەی پرۆســـەی دڵنیایی جۆری لەگەڵ کۆکـــراوەی ئـــەو ڕێنماییانەی کـــە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە ســـەبارەت بـــە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پرۆسەکە دەرچوونە.

دڵنیایی جۆری پرۆسەیەکی بێ کۆتاییە و مەبەستی سەرەکی تێیدا بریتیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و فێربوون لە ڕێگەی هەڵســـەنگاندنی ئەدای ماموّســـتا و قوتابیان بە شێوازێکی بەردەوام، و ڕێگەنیشاندانیان بۆ خۆچاکردن و گەشەپێدان.

بە پێی ســـتراتیجیەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا، پرۆســـەی دڵنیایی جۆری بریتیە لەچوار بەرنامەی لێکبەستراو.

یەکەمیان: بەرنامەی دڵنیایی جۆری لە خوێندن و ڕاهێنان، کە بۆ هەڵســـەنگاندنی مامۆســـتا و پاراســـتنی مافی خوێنـــدکاران دانراوە و لە ڕێگەی چەند پڕۆســـەیەکەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە:

- پێدانی کۆرس بووک بە خوێندکاران لە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی خوێندن
- وەرگرتنەوەی فیدباکی قوتابی کە پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ کۆدەکرێتەوە و لە لایەن لێژنەی دڵنیایی جۆری بەش و فاکەڵتیەوە شـــی دەکرێتەوە و بـــۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری زانکۆ دەنێردرێت.
- هەڵســـەنگێنەری دەرەکی کە بەرنامەی خوێندن و تاقیکردنەوەکان هەڵدەسەنگێنێ و چاو بە چونیەتی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی دڵنیایی جۆری لە بەشە زانستیەکاندا دەخشێنێت.

دووەم: گەشەپێدانی خودی ماموّستا، کە بریتیە لە پڕۆسەکانی

- زانسخوازی بەردەوام
- هەڵسەنگاندنی هەگبەی ماموّستا
- پێداچوونەوەی هاوەڵان


سێیەم: پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، کە بریتیە لە:

- پتەوکردنی توانای زمانەوانی، بە تایبەتی ئینگلیزی وعەرەبی.
- پتەوکردنی توانای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیاری بۆ دەســـتکەوتنی زانیاری بە شێوازێکی سەربەخۆ.
- فێرکردنی خوێندکار بۆ چۆنێتی بیرکردنەوە و ئاڵوگۆڕی فیکری زانستی بە دیدی ڕەخنەگرانە.

پڕۆسەی دڵنیایی جۆری هەردەم لە گۆڕانکاری و گەشە و پەرەسەندندایە


جێبەجێکردنی پڕۆسەکە لەڕێگەی سێ ڕۆکایەتی زانکۆو دەستەکاندایە

ڕۆڵی وەزارەت بڕیتیە لە دەرکردنی ڕێنمایی و بە دواداچوون و جێبەجێکردن



پەیکەری سەرپەرشتی دڵنیایی جۆری

بەرپرسیارێتی دڵنیابوون لە کوالێتی خوێندن و ڕاهێنان لە ئەستۆی سەرۆکایەتی زانکۆ/دەستەیە. ئەو بەرپرسیاریەتیە دواتر شۆڕ دەکرێتەوە و دەخرێتە ئەستۆی ئەنجوومەنی فاکەڵتی و سکوڵ و بەشەکان. ڕۆڵی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ/دەستە بریتیە لەچاودێریکردن و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی پڕۆسەی دڵنیایی جۆری و ڕاهێنانی مامۆستایان و پسپۆڕان. ڕۆڵی وەزارەتیش بریتیە لە دەرکردنی ڕێنمایی و بەدواداچوونی جێبەجێ کردن



هەماهەنگیی لە نێوان بەرپرسەکانی دڵنیایی جۆری و پلانی وەرگرتن

لە هەموو ئاستێکی بەرپرسیارێتی لیژنە و بەڕێوەبەرایەتی و بۆڕدەکانی دڵنیایی جۆری و پلانی وەرگرتن لە ناوەوەی زانکۆ و دەستەکان و لە دیوانی وەزارەت بە هەماهەنگی ڕاستەوخۆ لە نێوان پسپۆڕ و بەرپرسەکانی هەردوو لایەن دەبێت. هیچ پلانێکی یەکە ئەکادیمیەکان بەبێ هەڵسەنگاندن و ڕەزامەندی بۆڕدی دڵنیایی جۆری پەسەند ناکرێت

کوالّیتی له خوێندنی باڵا

پێشەکی

پڕۆســـەی دڵنیایی جـــۆری بریتیه له چەنـــد چالاکیەکی بـــەردەوام له پلاندانـــان، چاودێریکردن، بەدواداچوون، هەڵســـەنگاندن، ڕاپۆرت نووســـین وجێبەجێکردن،بۆئەوەی پڕۆســـەی خوێندن لەگەڵ ئامانجەکانی بگونجێن.

پەرەپێدانی پڕۆســـەی دڵنیایی جۆری له ناو زانکۆ و دەســـتەکانی هەرێمی کوردســـتان یەکێکە له ستراتیجیه گرنگەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. ئەم پڕۆسەیە به دیاردەیەکی نوێ لەناو ئەزموونی ئەمڕۆی خوێندنی باڵا له هەرێم و له سەرتاپای عیراق ئەژمێردرێت. جێبەجێکردنیشی نـــرخ بەو ئاســـتە بـــەرزە دەدات و هاوواڵاتی ناو کۆمەڵگا له ئاســـتی خوێنـــدن و ڕاهێنان و بەهای بڕوانامەکانی زانکۆ و دەستهکان دڵنیادەکاتەوە.

بنەما و پێکهاتەکانی دڵنیایی جۆری

لەناو سیســـتمی خوێندنی باڵا له هەرێمی کوردستان ئەم پڕۆسەیە چەند بەرنامەیەک لەخۆ دەگرێت وەک:

دڵنیای جۆری خوێندن	Teaching Quality Assurance
زانستخوازی بەردەوام	Continuous Academic Development
پەرەپێدانی پڕۆگرامەکان	Programme Development
هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا	Assessment of Teacher›s portfolio
مۆڵەتپێدان و متمانەبەخشین	Licensing and Accreditation

ئەم بەرنامانە بەچەند ڕێنماییەک داڕێژراون که لەگەڵ ئەزموونی خوێندنی باڵا له کوردستان بگونجێن و له گەڵ ستاندەری بەرنامەکانی زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهانهاوتابن. ئەم پڕۆسەیە هەمیشه لەژێر چاودێری کەســـانی پسپۆردا جێبەجێدەکرێت و ساڵانەش پێداچوونەوەی لەسەر دەکرێت و بابەتەکانی ناو ئەم بەرنامانە هەمیشه وە بەپێی پێویست و بەمەبەستی بەرەوپێشخستن له گۆڕانکاریدا دەبێت و پێداچوونەوەی لەسەر دەکرێت.

لـــه پڕۆســـەی دڵنیایـــی جۆری خوێندنـــدا ماف و ئەرکـــی قوتابی له نـــاو زانکۆ و دەســـتەکاندا دەستنیشاندەکرێت، ئەرکی زیاتر دەدرێت به مامۆستای وانه بێژکه به پەیڕەوکردنی بەردەوام دەبێته مایەی دروستبوونی هەماهەنگیەکی زانستی له نێوان قوتابی و مامۆستای وانەبێژدا.

جێبەجێکردن و ئەنجامدانی پڕۆســـەی دڵنیایی جۆری خوێندن وڕاهێنان وەڵامی گشـــت پرســـیارە گرنگەکان دەداتەوە... لەوانە:

- دڵنیاکردنی زانکۆ/ دەستەکان له ئاستی کوالّیتی ئەو بڕوانامەیەی که دەیدەن به قوتابی.

- دڵنیاکردن لە جۆری خۆبەدەستەوەدان و گۆتنەوەی وانەکان.
- پشتگیریکردنی قوتابی لەکاتی وەرگرتنی کۆرسەکانیان و پاراستنی مافیان.
- دڵنیاکردنی قوتابی لەو بڕوانامەیەی کە پێی دەبخشرێت.
- دڵنیاکردنی بازاری کار لە ئاستی هونەر و زانستی کادیرانی پیشەیی.
- ڕاپۆرت نوســـین، پێداچونەوە و بەدواداچوون، چاودێریکردن، فایل هەڵگرتن، بڕیاردان، هەندێ جار لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی وانەکان و جۆری گوتنەوەیان.

بە گشـــتی کارکردن لەســـەر دڵنیایی جۆری خاڵە لاواز و پتەوەکانی ناو دەزگاکانی خۆبەدەستەوەدان (زانکۆ و دەســـتەکان) نیشـــان دەدات کە دواتر دەتوانرێت لەســـەر ئەو بنەمایە بەرزڕاگرتنی ئاستی زانست دابرێژرێت.

پەیکەر و میکانیزمی جێبەجێکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری

لەسەرەتای دەستپێکردنی بەرنامەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لێژنەیەکی بالا دروستکرا بۆ پێداچونەوە و دەوڵەمەندکردنی ئەو ڕەشنووسەی جەنابی وەزیری خوێندنی بالا دایڕشتبوو سەبارەت بە ڕێنماییەکانی چۆنیەتی جێبەجێکردن و ئەنجامدانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردنی لە زانکۆ/دەستەکاندا. لێژنەکە پێکهاتبوو لە یاریدەدەری سەرۆک زانکۆ/دەستەکان بۆ کاروباری زانستی و ڕاوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری ئەکادیمی و بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری لە وەزارەت.

لەمەودوا لە ئاستی وەزارەتدا، بۆڕدێکی تایبەتمەند بە ناوی بۆڕدی دڵنیایی جۆری کە سیاسەت و ستراتیژیەت و پلانی سەرتاسەری بۆ پڕۆسەی دڵنیایی جۆری دادەڕێژێت و سەرپەرشتی ئەنجامدانیشی دەکات. لە خوار ئەویشەوە لێژنەی باڵای دڵنیایی جۆری بە ئەندامێتی بەڕێوەبەرەکانی دڵنیایی جۆری زانکۆ و دەستەکان، ستراتیژیەت و ڕێنماییەکان جێبەجێ دەکات. لێژنەی دڵنیایی جۆری گرنگترین پێکهاتەیە کە وەک لێژنەیەکی پسپۆڕیی تایبەتمەند و ئەرکی سەرپەرشتی و چاودێری پرۆسەکە و ڕاهێنانی مامۆستایان و ڕێکخەران دەگرێتە ئەستۆ.

١- بۆردی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین

پرۆسەی دلنیایی جۆری لە دەزگا حکومەتی و ئەهلیەکانی خوێندنی باڵا لە لایەن بۆردی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین سەرپەرشتی دەکرێت. ئەندامانی ئەو بۆردە بریتین لە هەڵگرانی ئەم پۆستانە:

- ڕاوێژکارێکی وەزیر – سەرۆک.
- بەڕێوەبەری گشتی پشکنین و دڵنیایی جۆری.
- بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین لە دیوانی وەزارەت – بڕیاردەر (مقرر).
- بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ ئەهلیەکان
- چوار (٤) یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی.
- یەک (١) یاریدەدەری سەرۆکی دەستە.
- چوار (٤) پسپۆڕی شارەزای ئەکادیمی

ڕۆڵی سەرەکی ئەم بۆردە بریتیە لە:

- داڕشتنی سیاسەت و ڕێنماییەکانی پەیوەندار بە دڵنیایی جۆری بۆ پەسەندکردن لە لایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە.
- پێداچوونەوە و جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەردەچێت.
- گەشەپێدانی ڕێنماییەکان و پێوەرەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین.

- دلّنیابوون لە جێبەجێکردنی دلّنیایی جۆری بە باشترین شێوە.
- هەلّســـەنگاندن و پشتگیری کردنی پلانی وەرگرتنی ســـەرجەم بەش و سکولّ و فاکەلّتیەکانی زانکۆ حکومەتی و ئەهلیەکان.
- بڕیاردان لەسەر متمانەبەخشین و مۆلّەتدان بە کردنەوەی (بەش، سکولّ، فاکەلّتی و زانکۆ) و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی وەزارەت بۆ پەسەند کردن.
- بەبێ پێداچوونەوەی بۆرد هیچ پرۆپۆسەلّێک پەسەند ناکرێت لە وەزارەت.

٢- پەیکەری دلّنیایی جۆری لە ناو زانکۆ و دەستەکاندا

لە ناو دەزگاکانی خوێندنی بالّاشـــدا، لە ئاســـتی هەر بەشـــێک لێژنەیەک بۆ ئەنجامدانی کارەکانی دلّنیایـــی جۆری دامـــەزراوە. ئەندامانی ئەم لێژنەیە بریتین لە ڕێکخەرەکانی کۆرســـە جیاکان، واتە «کۆئۆردنەیتـــەرەکان». ژمارەی ئەم ڕێکخەرانە لە بەشـــەکاندا پەیوەندە بە توانای ئەو بەشـــەو و ژمـــارەی بابەتە پســـپۆڕیە جیاوازەکانی کە لە بەشـــەکەدا دەخوێندرێت. بـــۆ نموونە بەش هەیە ٢ ڕێکخەری هەیە بەشی تر هەیە ٤ ڕێکخەر.

مامۆســـتایەکی خاوەن ئەزموونی ناو بەشی زانستی لە لایەن سەرۆکی بەشەوە دەستنیشان دەکرێت بە «سەرۆکی لیژنەی دلّنیایی جۆری بەشی زانستی»، بە مەرجێک ئەو مامۆستایە پۆلّی ئیداری تری نەبێت، وە باشـــتریش وایە کە (بە پێی توانا) خۆی ڕێکخەری کۆرس نەبێت. هەر ئەندامێکی لێژنەی دلّنیایی جۆری بەشی زانستی دوو کاتژمێر نیسابیان دادەبەزێتە خوارێ.

سەرۆک لیژنەکانی بەشە جیاجاکانی ناو سکولّ و فاکەلّتیەکان ئەندامن لە «لیژنەی دلّنیایی جۆری فاکەلّتی». یەکێک لەوان سەرۆکی لیژنەکەیە و یەکێکی تر جێگرێتی بە مەرجێک ئەوانە کاری ئیداری تریان نەبێت. ئەم سەرۆک لیژنانە چوار کاتژمێر نیسابیان دادەبەزێت.

ســـەرۆکی لیژنەی فاکەلّتیە جیاجیاکان ئەندامن لە لیژنەی زانکۆ/ دەســـتە بۆ دلّنیایی جۆری. ئەم لێژنەیە لەلایەن بەڕێوەبەری دلّنیایی جۆریەوە بەڕێوەدەچێت و لەلایەن یاریدەدەری سەرۆک چاودێری دەکرێت. سەرۆکی لێژنەی فاکەلّتیەکان شەش کاتژمێر نصابیان دادەبەزێت.

گشت لێژنەکان ســـوود لە پشتگیری ستافی بەڕێوەبەرایەتی دلّنیایی جۆری لە سەرۆکایەتی زانکۆ/ دەستەکان وەردەگرن و بەرپرسیارن لە پیادەکردنی ڕێنماییەکانی سەرەوە و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئامادەکردنی پەرتووکی کۆرسەکان و کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و فیدباکی قوتابی بەشێوەیەکی بنەڕەتـــی وە بەدواداچوونـــی دەرئەنجامی داتا و فیدباکەکان. بە گشـــتی بەرپرســـیارێتی دلّنیابوون لە کوالّیتی خوێندن و ڕاهێنان لە ئەســـتۆی ســـەرۆکایەتی زانکۆ/دەســـتەیە و پۆلّی وەزارەتیش بە دواداچوونە.

بەڕێوەبەرەکان Managers

بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ و دەستەکان لە لایەن سەرۆکی زانکۆ/ دەستە دامەزراون و پلەی زانستییان لە دکتۆرا یان ماستەر کەمتر نیە و بەرپرسیارێتی تەواوی دڵنیایی جۆری خوێندنیان پێڕاسپێردراوە. ئەم بەڕێوەبەرانە شیاون لە زمانی ئینگلیزی و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بەتایبەتی سۆفتوێری وۆرد و سپرێدشیت و داتابەیس. جگە لە بەڕێوەبەرایەتی و پێداچونەوە و لێکۆڵینەوە. ئەرکی ئەم بەڕێوەبەرەیە کە بزانێت چی ئەنجامدراوە لەسەر ئاستی بەش و کۆلیژەکان، وە هەروەها پەیوەندیکردن لەگەڵ هەڵسەنگێنەری دەرەکی لە کاری ئەم بەڕێوەبەردایە، بەڵام ڕۆڵی ئەم هەڵسەنگێنەرە دەرەکیە لەلایەن بەش و کۆلیژەوە دادەنرێت.

کارێکی گرنگی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری ئەوەیە کە نوسراوێک دەربارەی (فەرمایشتی بایەخی زانکۆکانUniversity Value Statement) دەربکات بۆ ئەوەی قوتابی خوێندکار واژووی لەسەر بکات پێش دەستپێکردنیان بە خوێندن لە زانکۆ/دەستە.

بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری لە زانکۆ/دەستە ئەندامە لە لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆری لە وەزارەت وە سەرۆکایەتی لێژنەی زانکۆش دەکات و ئەرک و دەسەڵاتەکانی بریتین لە:

- ئەنجامدانی کارەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری وەزارەت وەک ناردن و وەرگرتنی نوسراو بە مەرجێک یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ/ دەستە بۆ کاروباری زانستی ئاگادار بێت.
- چاودێریکردنی ڕاستەوخۆی کار و چالاکیەکانی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام لە هەموو بەش و سکوڵ و کۆلیژ و فاکەڵتیەکان.
- هاوکاریکردنی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ/دەستە بۆ کاروباری قوتابیان و خوێندکاران و بەڕێوەبەری تۆمارگەی زانکۆ/دەستە بۆ داڕشتنی پلانی وەرگرتن لە سەرجەم بەشە زانستی و سکوڵ و فاکەڵتیەکاندا. ئەو کارانە بە هاوکاری و بەشداری لێژنەکانی دڵنیایی جۆری ئاستی فاکەڵتی و سکوڵ و بەشە زانستیەکانەوە ئەنجام دەدرێن. هەریەک لەوانە لەگەڵ بەرپرسە هاوتاکەی تۆمارگە لە ئاستی بەش یان سکوڵ یان فاکەڵتی تەنسیق دەکات، بەڵام ڕای خۆی بە شێوازێکی سەربەخۆ دەداتە بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری.
- پەسەند کردنی پلانی وەرگرتنی زانکۆ/دەستە بە پێی فۆرمی هەڵسەنگاندن و لەسەر بنەمای مەرجەکانی دڵنیایی جۆری و دابینکردنی سەرجەم پێداویستیە مرۆیی و ژێرخان و دارایی و کەلوپەل و ئامێر و پەرتوکخانە و ئامرازەکانی سەلامەتی و تەندروستی.
- ئامادەبوون لە ئەنجومەنی زانکۆ/ دەستە سەبارەت بە بابەتەکانی دڵنیایی جۆری.
- نووسینی ڕاپۆرت، پێداچوونەوە، بەدواداچوون، چاودێریکردن و لێکۆڵینەوە لە جۆر و شێوازی ووتنەوەی وانەکان و پرسیارەکانی ئەزموونەکان دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوە.
- دەسەڵاتی بینین و گفتوگۆی هەیە لەگەڵ مامۆستای وانەبێژ بە ئامادەبوونی بەرپرسی دڵنیایی جۆری کۆلیژ/فاکەڵتی.
- هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تۆمار لە زانکۆ/دەستە بۆ پلانی وەرگرتن.

ڕێکخەرەکان Coordinators

لە ڕێنماییەکان ئەرکی ڕێکخەرەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانکراوە:

- ڕێکخەر دەبێت لەلایەن ئەندامانی لێژنەی زانستی بەش دەستنیشان بکرێت.
- خاوەن ئەزموون بێت و زانیاری تەواوی هەبێت لە بوارە جیاجیاکانی ئەو بەشەی کاری لێدەکات.
- لە بڕوانامەی ماستەر کەمتری نەبێت.
- شیاو بێت لە بەکارهێنانی کۆمپیتەر (وۆرد، سپرێد شیت، داتا بێس).
- زمانی ئینگلیزی بزانێت.
- بەحەزی خۆی ئەو کارە بکات

لە هەمانکاتداڕێکخەری کۆرس بەم جۆرەی خوارەوە ئەرکیان بەسەردا سپێردراوە:

- ڕێکخەر دەبێتە پـــردی پەیوەندی نێوان ئیـــدارە و قوتابی بۆ هەر کارێک کـــە پەیوەندی بە کۆرسەوە هەبێت.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستا پەرتووکی کۆرس بۆ قوتابی ڕێکبخات.
- کەناڵی پەیوەندیکردن بە قوتابی دابینبکات و بەردەوام ئیمەیل و بەریدی قوتابی بخوێنێتەوە.
- بە بەرنامە کارەکانی ڕێک بخات و پەیوەندی بە ســـەرۆکی بەش و مامۆستای وانەبێژەوە بکات تا هیچ وانەیەک دوانەکەوێت یان شاغیر نەبێت.
- فیدباکی قوتابی خوێندکار بۆ کۆرسەکە و وانەکان مسۆگەر بکات.

سەرۆک لیژنەی بەشەکان وێڕای کارەکانیان هەموو ساڵێک لە مانگی ئەیلولدا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل پێشـــکەش بە لیژنەی کۆلیژەکان دەکەن و تێیدا باس لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆرســـەکانی ساڵی ڕابـــردوو دەکەن. ئـــەم ڕاپۆرتانە پوختە دەکرێـــن و دەدرێن بە لیژنەی بەرزتـــر، دواتر ئەمان خاڵە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکانی ساڵی ڕابردوو دەستنیشان دەکەن بۆ لیژنەی باڵا.

مامۆستا وانەبێژەکان Teachers

وێڕای هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانە ئەرکی مامۆستای وانەبێژە کە:

- پەرتووکـــی کۆرس ئامادە بکات کـــە تێیدا ئامانجی هەموو وانەیـــەک و کورتەی ناوەڕۆکیان و سەرچاوەی زنیاری پێویست و جۆری تاقیکردنەوەکان ڕوون بێت و لە سەرەتای ساڵی خوێندن بیدات بە قوتابی..
- وانەی زانستیانەی تێروتەسەل و دەوڵەمەند بە نوێترین زانستی سەردەم ئامادە بکات.
- بەپێی پێوەری هونەریانە پوختەی بابەتەکە بخاتە سەر پاوەرپۆینت و لە وانەدا بەکاری بهێنێ وە لەکاتی گونجاودا (پێش یان پاش وانەکە) ســـلایدەکان بە چاپکراوی بخاتە بەردەم قوتابی خوێندکار.
- نموونەی پرسیارو وەڵامی نموونەیی تاقیکردنەوە بخاتە ناو پەرتووکەکە و لە وانەکانیشدا هەمان جۆری نموونە بۆ قوتابی خوێندکار شـــیبکاتەوە . لێرەدا دوو نموونەی پرســـیاری ئینشـــائی و پێنج نموونەی پرسیاری هەمەبژار یان هەرجۆرە پرسیارێکی تر نیشان دەدرێ و چەند خاڵێکی ســـوودبەخش و ڕێنیشـــاندەر دەخرێتە ڕوو بۆئـــەوەی قوتابی خوێنـــدکار بزانێ چۆن پلان بۆ وەڵامدانەوە دابنێ و پلانەکە ئەنجام بدات و دواتر خۆی لە شـــوێنی مامۆستاکە دابنێ بۆئەوەی تێڕوانینی هەبێ کە ئایا مامۆســـتا بـــەدوای چ پەیام و خاڵە گرنکەکاندا دەگەڕێ و لەســـەرچ بنەمایەک بڕیار لەســـەر دانانی نمرە دەدات. نموونەی پرســـیارەکان پێویستە لە سێ ئاستدابن (ئاستی بەرز، مامناوەندی، نزم).
- پێویســـتە بۆ هەر کۆرســـێک دوو کۆمەڵە پرسیار لەگەڵ وەڵامی نموونەیی دابنێت بۆ ئەوەی لە کۆتایی کۆرسەکە لیژنەی تاقیکردنەوە یەکێک لەو کۆمەڵانە هەڵبژێرن.
- ئامۆژگاریکردنی قوتابی خوێندکار کەچۆن هونەری وەڵامدانەوە فێرببێت و لە تاقیکردنەوەکاندا باشتر وەڵام بداتەوە، بۆ نموونە: پرسیارەکە دووجار بخوێنێتەوە- بیر لە وەڵامەکەی بکاتەوە- لە لاپەڕەیەکی جیادا پلانی بۆ دابنێت — وەڵامەکە پێشەکی و ناوەڕۆک و دەرئەنجامی تێدابێ.
- دابینکردنی خولی تایبەت لە هاویندا وەک (وۆرد، سپرێد شیت، پاوەرپۆینت، داتاشۆ).
- لە فۆرمێکی ڕاپرســـیدا مامۆســـتای وانەبێژ ڕا و بۆچوونی خۆی دەرئەبڕێت بۆ هەڵسەنگاندنی سەرۆکی بەش و سکوڵ. بە هەمان شێواز سەرۆک بەش و سکوڵەکان، ڕاگرەکان هەڵدەسەنگێنن (بڕوانە خشتەی ژمارە ١ ، ٢).

ئەرک و مافەکانی قوتابیان و خوێندکاران

مافەکان

- قوتابی مافی وەرگرتنی پەرتووکی کۆرسی هەیە کە پێش وەخت پێیدرابێ.
- لـــە کۆتایی هەموو کۆرســێک، قوتابـــی دەبێ بەگوێرەی پێـــوەری فیدباکـــی بابەتیانە ڕاو هەڵسەنگاندنی خۆی بە گوێرەی ڕاپرسیەک دەربببڕێت.
- لـــەدوای هەمـــوو تاقیکردنەوەیەک، قوتابی مافی ئەوەی هەیە کە ڕاو هەڵســـەنگاندنی خۆی لە پرۆسەی تاقیکردنەوە بەگوێرەی فیدباکی بابەتیانە دەربببڕێ. ئەو فیدباکە بۆ خاتری گۆڕانکاری و چاککردنی کۆرس و ناوەڕۆک و شێوازی تاقیکردنەوەدا بەکاردەهێنرێن، وە هەروەها فیدباکەکە دەبێتە پێوەرێک لە پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی شێوازی بەڕێوەبردنی کۆرسەکە و بەشی ناو کۆلیژ و تەواوی کۆلیژەکە بەکار دەهێنرێت.
- دەفتەری هەموو قوتابیەکی کەوتوو (دەرنەچوو) لەلایەن دوو مامۆســـتاوە ســـەیر دەکرێ، بەو هۆیەوە هەموو لایەک لە دادوەری سیستەمەکە دڵنیا دەبن.

ئەرکەکان

زانکۆ ئەرک و مافی بەسەر قوتابی خوێندکارەوە هەیە، هەروەک چۆن ئەوان ئەرک و مافیان بەسەر زاکۆوە هەیە. لە دەســـتپێکی هەموو ساڵێکی نوێی خوێندن کاتێک قوتابی خوێندکار وەردەگیرێت لە زانکۆ/ دەســـتەکان کۆمەڵێک فەرمایشت هەیە (University Value Statement) دەدرێت بە قوتابی خوێندکار ودەبێت واژووی لەسەر بکات کە خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینیتەوە:

١. هەڵسوکەوتی قوتابی خوێندکار دەبێت بەوشێوەیە بێت کەلە فەرمایشتەکانی زانکۆداهاتووە.

٢. قوتابی خوێنکار دەبێت پابەند بێت بە هەموو ئەو ڕێنمایی و فەرمایشتانەی کە واژووی لەسەر دەکات لە کاتی وەرگرتنی لە زانکۆ/ دەستەدا.

بنەمای هەڵسەنگاندنی مامۆستاکان و کۆرسەکان و وانەکان لەلایەن قوتابی خوێندکارەوە زۆر گرنگ وپێویستن، دیارە کە دەوامکردنی قوتابی خوێندکار گرنگی تایبەتی نەک تەنیا بۆ فیربوون و ڕاهێنان هەیە بەڵکو بۆ ســـەرکەوتنی کاری پیرۆزی زانکۆ و پەیمانگاکان لەوپەڕی پێوستیدایە، بۆیە پێویستە ئیدارەی کۆلیژەکان دەوامکردنی قوتابی خوێندکار زۆر بە هەند وەربگرێ و ئامادەبوونیان بە نوســـین و بەدواداچوون تۆمار بکرێ.

ئەرکێکی ئەکادیمیە کە هەموو قوتابیەکی خوێندکار لە ئاســـتی ئەو بەرپرســـیاریەدا ڕەفتار بکات و ئاســـتی زانست و بڕوانامەکان بەرز بکاتەوە. ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جەخت لەسەر ئەوە دەکات هەر قوتابیەکی خوێندکار کە لە ڕێژەی ١٠٪ بێ پاساو وە لە ١٥٪ بە پاساو لە وانەکانی هەر کۆرسێک ئامادەنەبوونی (غیاب) هەبێت ئەوا:

- مافی هەڵسەنگاندنی بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی کۆرسەکە نامێنێت.

- مافی تاقیکردنەوەی لەو کۆرســـە نامێنێت و بە کەوتووی دەوری یەکەمی ئەو کۆرسە دادەنرێت و بە ئۆتۆماتیکی ناوی دەخرێتە لیستی تاقیکردنەوەی دەوری دووەم.

هەر قوتابیەکی خوێندکار کە ڕێژەی غیابی لە کۆی گشـــتی وانەکانی ساڵ، یان ڕۆژانی دەوامی ساڵ لە ڕێژەی ١٥٪ بێ پاساو وە لە ٢٠٪ بە پاساو تێپەڕ بکات ئەوا لەو ساڵەکەدا بەبێ ئەوەی مافی هیچ تاقیکردنەوەیەکی هەبێت بە ئۆتۆماتیکی بە کەوتوو دادەنرێت.

هەر قوتابیەکی خوێندکار کە لە نیوەی ژمارەی وانەکانی ساڵانە (یان نیوەی وانەکانی کۆرس) کەمتر بکەوێت، ئەوا مافی تاقیکردنەوەی دەوری دووەمی پێدەدرێت. ئەوانەی لەو ژمارەیە زیاتر دەکەون بە کەوتوو دادەنرێن و مافی تاقیکردنەوەی دەوری دووەمیان پێنادرێت.

ناو سڕینەوە (ترقین قید) هەروەک جارانە، واتە هەر قوتابیاکی خوێندکار کە دوو ساڵ لەسەر یەک بکەوێ و سەقفی زەمەنی تەواو بکات، ئەوا ناوی لە زانکۆ و دەستەکان دەسڕێتەوە بەبێ ئەوەی مافی خوێندنەوەی پێ بدرێت. ئەوانە ئازادن لە زانکۆی ئەهلیدا بخوێنن.

کۆڵەگە سەرەکیەکانی دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵا

پرۆسەی دڵنیایی جۆریی خۆی لەسەر چەند بنەما و کۆڵەکەیەکی سەرەکیدا ڕادەگرێ و هەریەکێک لەوانە تەواوکەری ئەوی تر. پرۆسەکە لە پێناسەکردن و داڕشتنی ئامانج و سیاسەت و ستراتیژ و پلانی دەزگاکانی خوێندنی بالاوە دەست پێدەکات هەتا جێبەجێکردنی پلانەکان و بەخشینی بڕوانامەی فێرکردن و ڕاهێنان بە قوتابیان و خوێندکاران.

بێ گومان پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە گەشەکردنی بەردەوامدایە و لە ناوکێکی سنووردارەوە لە ساڵی ٢٠١٠ دەستی پێ کرد و ئێستا گەیشتۆتە ئاستێکی پێشکەوتوو، بەڵام هێشتا زۆری ماوە بەتەواوی پێبگات. بۆ نموونە، لە ئایندەدا، پێویستە هەر دەزگایەکی خوێندنی باڵا پێناسەی ڕوانگە و ئامانج و سیاسەت و ستراتیژیەتی بە ڕوونی دابڕێژێ و دواتر پلانی پیادەکردن و جێبەجێکردنیان دابنێ و دواتر وەزارەت دڵنیا بکاتەوە لە کوالێتی ئەنجامدان و کوالێتی بەرهەمەکانیان.

لێرەدا باس تەنیا لەو بەش و پێکهاتانەی دڵنیایی جۆری کراوە کە تا ئێستا دامەزراون و بوونەتە بناغەی گەشەکردن و پەرەسەندنی پرۆسەکە و بەو هیوایەی کە لە ئایندەدا و دوای کەڵەکە بوونی ئەزموون و شارەزابوونی زیاتر پرۆسەکە پێ بگات و تەواو بکرێت.

١. پێداچوونەوەی کۆرسی خوێندن Course Review

بابەتی ناو کۆرسەکان دەبێت لەسەر ئاستی بەش پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. مامۆستای وانەبێژ ڕاستەوخۆ ڕاوبۆچوونی خۆی لە سەر چۆنیەتی ئەنجامدان و چاکسازیکردن لە ووتنەوەی وانەکان هەیە، بە مەرجێک بابەتیانە و سەردەمیانە بێت. بەزڕاگرتنی ئاستی زانستی بابەتەکانی ناو کۆرسەکە ئەرکی سەرشانی مامۆستای وانەبێژە. ئامانجی بابەت و کۆرسەکان لەگەڵ جۆری پرسیاری تاقیکردنەوەکان دەبێت ڕوون و ئاشکرا بێت.

ئەرکی هەموو ستافێکی ئەکادیمیە بە بەردەوام کار بکات لەسەر بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی خودی خۆی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای بابەتی نوێ و ئامادەبوون لە خولی ڕاهێنان و کۆنفرانس و وۆرکشۆپدا، لە هەمانکاتدا ئەرکی زانکۆ/ دەستەیە بە دابینکردنی ئەو پێداویستیانە بۆ مامۆستا و ستافی ئەکادیمی لە هەموو ڕوویەکەوە.

لە کۆتایی ساڵدا قوتابی خوێندکار بۆی هەیە ڕای خۆی بدات لەسەر ئەدای مامۆستا و بەرنامەی کۆرسەکان هەڵبسەنگێنێ.

لیژنەکانی دڵنیایی جۆری لە بەش و سکوڵ و کۆلیژ یان فاکەڵتیەکان دەبێت بە بەردەوامی چاودێری و بەدواداچوون بکەن لەسەر بەرنامەی خوێندن و فێربوون. لێژنەی باڵا لە زانکۆ/ دەستە کە لەلایەن یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی سەرپەرشتی دەکرێت ساڵی جارێک ڕاپۆرتێکی چڕ پێشکەش دەکەن بە سەرۆک و ئەنجوومەنی زانکۆ سەبارەت بە بەرنامەی دڵنیایی جۆری و چۆنیەتی

بەرەو پێشخستنى.

گەر هاتوو بەرنامەكان تێروتەســـەل و بێ كەموكورتى بوون مەرج نيە ليژنەى بالّا هەموو ســـالّێک ڕاپۆرتى دووروردرێژ پێشـــكەش بكات. لەم حالّەتەدا دەكرێت ٢ سالّ جارێک بيت، بەلّام لەسەر ئاستى بەش هەلّســـەنگاندن و پێداچوونەوەى بابەت و كۆرس مامۆستاى وانەبێژ دەبێت سالّانە بەردەوام بێت و ڕاپۆرت پێشكەشكات بە ڕاگر.

٢. پەرتووكى كۆرس Course book

مامۆســـتاى وانەبێژ دەبێت بەرنامەيەكى ڕێكوپێک و پڕكوالّيتى دابڕێژێت ســـەبارەت بەو كۆرسەى دەيلّێتەوە. وانەيەكى زانســـتيانەى تێروتەســـەل و دەولّەمەند بە نوێترين زانســـتى ســـەردەم ئامادە بكات. لەســـەرەتاى سالّى خوێندن مامۆستا كورتەباسێک لەو بەرنامەيە بەشێوەى پەرتووكى كۆرس (خشتەى ژمارە ٣) دەخاتە بەردەست قوتابى، تيايدا:

- پەيام و ئامانجەكانى خوێندنى بابەتەكان ڕوون و ئاشكرا دەكات.
- ســـەرچاوەى زانيارى و جۆرى تاقيكردنەوە و نموونەى پرسيار و وەلّامى نموونەيى دەخاتە ناو پەرتووكەكە و لە وانەكانيشدا هەمان جۆرى نموونە بۆ قوتابى شيدەكاتەوە.
- پەرتووكى كۆرس وەک ڕێنيشاندەرێک قوتابى ئاگادار دەكاتەوە چى دەخوێنێت و چى چاوەڕوان دەكات لە مامۆستا.
- لە ڕێگەى پەرتووكى كۆرســـەوە قوتابى جۆرى پرســـيارى تاقيكردنەوە و شێوازى وەلّامدانەوە فێردەبێت.

٣. هەلّسەنگاندن Assessment

لە پێناوى دلّنيابوون لە ئاســـتى ئەكاديمى ئەو بڕوانامەيەى زانكۆ دەيبەخشـــێ، وە بە مەبەســـتى دلّنيابوون لە ئامانجەكانى پرۆســـەى دلّنيايى جۆرى و چاكســـازيكردن، وە لە پێناوى دلّنيابوون لە ئاستى زانستى و فێربوونى قوتابى، بەرنامەى هەلّسەنگاندن لە ناو زانكۆ و دەستەكاندا بە شێوازێكى ڕاســـت و دادوەرانـــە دەبێ جێبەجێبكرێت. ئـــەم بەرنامەيە دەبێت ســـەربەخۆ و ڕەخنەهەلّگربێت و بگونجێت لەگەلّ پەيام و ئامانجى درێژخايەنى زانكۆ/ دەســـتە. پرۆســـەى هەلّسەنگاندن و ناوەڕۆكى بەرنامەكان خۆى لە خۆيدا هەموو ٢-٣ ســـال جارێک دەبێ هەلّبســـەنگێنرێت و چاوپياخشـــاندن لە خالّەكانيدا بكرێت.

3A- فیدباکی قوتابی Student›s Feedback

پرۆســـەی دڵنیایی جۆری ماف دەدات بـــە قوتابی لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرســـی ئەکادیمیەوە ئەدای مامۆستای وانەبێژ هەڵبسەنگێنێ. قوتابی ڕێگەی پێدەدرێت کە لە سنوورێکی ئەکادیمی و بەگوێرەی پرســیاری دیاریکــراو بیر و بۆچوونیــان دەربڕن. پرســیارەکان لەلایەن لێژنــەی دڵنیایی جۆرییەوە دادەڕێژرێــت و قوتابی مافی پێدراوە بە نهێنی پەیامی خۆیــان بگەیەنن. لیژنەی دڵنیایی جۆری لە بەشــە زانستیەکان لە کۆتایی ســاڵدا یان لە کۆتایی وەرزدا فیدباکی قوتابی لەسەر بابەتی کۆرس و مامۆســتا کۆدەکەنەوە. ئەم فیدباکانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک شیدەکرێنەوە و بە ڕاپۆرت دەدرێت بە سەرۆک بەش، ڕاگر، بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ. کۆپی ئەم ڕاپۆرتانە لەگەڵ فیدباکەکان لە فایلی تایبەتدا هەڵدەگیرێن (خشتەی٤).

لێرەدازۆر گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە ڕێگە بە قوتابی نادرێت بە ڕەخنەی تێکدەر ناوی مامۆســتا بزرێنێ یان هەستی خۆی بە ناو و ناتۆرە دەربڕێ و تۆڵەی سەرنەکەوتنی خۆی لە مامۆستا بکاتەوە. لەم سیســتەمەدا تەنها ڕەخنەی دروســتکەر بەهەند وەردەگیرێت، واتە، سیســتەمی دڵنیایی جۆری مامۆستا لە تۆمەتی قوتابی سەرکێش دەپارێزێت و مافی قۆتابیش لە مامۆستای بێتوانا دەپارێزێت.

مامۆستای وانەبێژ بۆی هەیە کۆپی ئەو ڕاپۆرتە ببینێت بۆ ئەوەی بزانێ چ جۆرە زانیاریەکی لەسەر نوســراوە و لە چ بوارێکدا خۆی چاکبکات. ئەو مامۆســتایانەی توانیویانە زۆرینەی قوتابی لە ئەدای ئەکادیمی خۆی ڕازیکات ئەوا دەبێت بە فەرمی سوپاس بکرێن.

3B - هەڵسەنگێنەری دەرەکی External Assessor

ئەو کەسەیە کە لە دەزگایەکی ترەوە دێت و بە شێوەیەکی ئەکادیمی و دادوەرانە چاودێری پرۆسەی خوێندن و فێربوون دەکات لە زانکۆ/ دەستەکان. هەڵسەنگێنەری دەرەکی دەبێت کەسێکی ئەکادیمی خاوەن ئەزموون بێت و توانای هەڵســەنگاندنی بابەتەکانی ناو کۆرســی هەبێت و ڕای خۆی دەربڕێت لەســەر ناوەڕۆکی بابەتەکان و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە چاودێریکردنی تاقیکردنەوەکان و جۆری پرســیارەکان. دەبێت پلەی پرۆفیســۆری یاریدەدەر و ســەروتری هەبێت و بەگوێرەی توانا لە زانکۆ جیهانیەکانەوە بێت وە لەکاتی نەبوونی پلەی زانستی بەرز، دەکرێت پلەی نزمتر دەستنیشان بکرێت.

هەڵســەنگێنەری دەرەکی بۆی هەیــە وەڵامی قوتابیەکان ببینێت بە تایبەتــی بەرزترین و نزمترین نمــرە وە بەدواداچوون بکات لەگەڵ خودی قوتابی و مامۆســتای وانەبێژ، وە هەروەها بۆی هەیە کە بزانێت تا چ ڕادەیەک کوالّیتی و ڕێســاکانی کوالّیتی جێبەجێدەکرێت لەو بەشــەدا. ڕاپۆرتی کۆتایی هەڵســەنگێنەری دەرەکی دەبێت بەهەند وەربگیرێت لەلایەن لێژنەی زانســتی بەشەکان و ئەنجومەنی زانکۆ. بە شــێوەیەکی گشــتی گەر بکرێت هەڵسەنگێنەر دەبێت ٤ ســاڵ بمێنێتەوە لە هەمان بەش. هەڵسەنگێنەر دەبێت لە ڕاپۆرتەکەیدا سەرنجی خۆی بنوسێت و وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لە نەخشەی ژمارە (٥) دا هاتوە.

لە کۆتایی ســاڵدا بەشە زانستیەکان چەند کۆرسێک هەڵدەبژێرن بۆ هەڵسەنگێنەری دەرەکی. بەشە زانستیەکان پەیوەندی بە سێ مامۆستای خاوەن ئەزموون دەکەن لە دەرەوەی زانکۆ/ دەستە، داوای CV یان لێدەکرێت و لێژنەی زانســتی بەش بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ/دەستە

يه‌كێكيان هه‌ڵده‌بژێرێت.

پرۆسه‌ى دڵنيايى جۆرى به شێوه‌يه‌كى ئه‌زموونيى له مانگى نيسان تا حوزه‌يرانى ٢٠١٠ دا له هه‌ندێ به‌ش و كۆليژى گشت زانكۆ و ده‌سته‌كاندا تاقيكرايه‌وه. دواى به‌دواداچوون و چاوپێكه‌وتن و دانيشتن له‌گه‌ڵ به‌رپرسانى دڵنيايى جۆرى و هه‌ندێ قوتابى و مامۆستا ده‌رئه‌نجام ئه‌وه‌بوو ئه‌م تاقيكردنه‌وه‌يه ئه‌زموونێكى ســـوودبه‌خش بوو وه كاريگه‌رىه‌كى باشى هه‌بوو له‌ســـه‌ر دروستكردنى ژينگه‌ى دڵنيايى جۆرى و بڵاوكردنه‌وه‌ى كه‌ڵتوورى كوالّيتى له‌ناو مامۆســـتا و قوتابيدا. دواتر له مانگى ســـێپتێمبه‌رى هه‌مان ســـاڵدا له گشت به‌شه زانســـتيه‌كانى ناو ده‌زگاكانى خوێندنى باڵاى هه‌رێم به فه‌رمى ده‌ستكرا به جێبه‌جێكردنى.

٤. زانستخوازى به‌رده‌وام Continuous Academic Development

له پێناوى دڵنيابوون له به‌رزڕاگرتنى ئاستى زانستى ستافى ئه‌كاديمى و به‌رده‌وامبوون له نوێكردنه‌وه‌ى زانســـت و فێربوون، ئه‌مرۆ ئه‌رك و به‌رپرســـيارێتى ده‌زگاكانى خوێندنى باڵايه كه ميكانيزمێكى له‌بار بۆ هاندان و پشـــتگيريكردنى فيربوونى به‌رده‌وام بۆ مامۆســـتايان دابڕێژن، به‌هه‌مان پێوه‌ريش ئه‌ركى سه‌رشانى مامۆستايانه كه كه‌مێك زياد ماندووتر بن و ببنه شايانى ئه‌و ئه‌ركه.

بۆ ئه‌م مه‌به‌ســـته جگه له ئه‌ركى وانه ووتنه‌وه،مامۆســـتا ده‌بێت به درێژايى ســـاڵ به‌شـــدارى له چه‌ند چالاكيه‌كدا بكات، ئه‌و به‌شـــداريكردنه ببێته مايه‌ى كرێدت كۆكردنه‌وه به‌شـــيوه‌ى خاڵ. جۆرى به‌شـــداريكردنه‌كه ده‌كرێـــت به ئاماده‌بوون بێت له كۆڕ و ســـێمينارداو، پێشكه‌شـــكردنى ســـێمينار، بڵاوكردنه‌وه‌ى زانســـتى، ئاماده‌بوون له كۆنفرانس و وۆركشـــۆپدا، به‌شـــداريكردن لـــه ليژنه‌كاندا... (خشته‌ى٦– ١٥).

- پرۆسه‌ى زانستخوازى به‌رده‌وام له لايه‌ن به‌ڕێوه‌به‌رى دڵنيايى جۆريه‌وه به‌ڕێوه‌ده‌برێت و له لايه‌ن جێگرى سه‌رۆكى زانكۆ بۆ كاروبارى زانستى سه‌رپه‌رشتى ده‌كرێت.

- ســـێمينارى وه‌رزى له ئاستى هه‌موو كۆليژ / فاكه‌ڵتيه‌ك و له ئاستى هه‌موو به‌ش / سكوڵێكى زانســـتيدا ڕێك ده‌خرێت. ئه‌وه‌ى يه‌كه‌ميان بۆ به‌شداريتى هه‌موو به‌شه‌كانه بۆيه‌ش بابه‌ته‌كانى گشتيتر ده‌بن له هى به‌شه‌كان.

- له ئاســـتى هه‌موو كۆليژ / فاكه‌ڵتيه‌ك و ئاســـتى هه‌موو به‌ش / فاكه‌ڵتيه‌كى زانستى به‌رنامه‌ى زنجيره سێمينارى وه‌رز له پێش ده‌سپێكردنى وه‌رزه‌كانى پايز و زستان و به‌هار ڕێك ده‌خرێت.

- كۆپيه‌كى به‌رنامه‌كه پێشوه‌خت بۆ به‌ڕێوه‌به‌رى دڵنيايى جۆرى زانكۆ ده‌نێردرێت.

- ڕاگرى كۆليژ / فاكه‌ڵتى به‌رپرســـى يه‌كه‌مه بۆ سه‌رپه‌رشـــتى ئه‌نجامدانى سێمينارى وه‌رزى له هه‌ردوو ئاستى كۆليژ و به‌شه‌كان.سه‌رۆكى به‌شى زانستى به‌رپرسه بۆ سه‌رپه‌رشتى ئه‌نجامدانى ســـێمنيارى وه‌رزى به‌شه‌كه. ئه‌وه‌ش مانای ئه‌وه نيه كه هه‌ر خۆشيان ڕێكخه‌رى سێمينارەكان ده‌بن.

- سەرۆکی بەشی زانستی یەکێک لە مامۆستاکانی بەشەکە وەک ڕێکخەری سێمینارەکانی بەش دەستنیشان دەکات، و ڕاگریش یەکێکی تر لە ئاستی کۆلێژدا بۆ ڕێکخستنی سێمینارەکانی کۆلێژ دەستنیشان دەکات.

- پێویستە خشتەی سێمینارەکانی کۆلێژ و بەش بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی کۆلێژ بۆ پەسەند کردن.

- پێویستە فۆرمەکانی هاوپێچ A هەتا I، لە لایەن بەڕێوبەرەکانەوە پڕبکرێنەوە و بە گوێرەی گونجاو بە شیکراوەیی بۆ بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ و کۆپیەک بۆ وەزارەت بنێردرێت.



5. هەگبەی مامۆستا Teacher's Portfolio

هەگبەی مامۆستا بریتیە لە کۆکراوەی ئەو زانیاری و بەڵگانەی کە توانای زانستی و کاری کارامەیی و چالاکیـــە کارگێری و ئەکادیمیە ئەنجامدراوەکانی مامۆســـتای زانکۆ لە ماوەی ســـاڵێکی خوێندندا دەسەڵمێنێ.

ئامانجی سەرەکی دروستکردنی ئەم هەگبەیە بریتیە لە (١) هاندانی مامۆستا بۆ باشتر خزمەتکردنی رەوتـــی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاســـتی کوالّیتی (٢) هەڵســـەنگاندنی توانا و چالاکی و هیممەتی مامۆستا بۆ پاراستن و بەرزنرخاندنی ڕۆڵە پیرۆزەکەی (٣) هاوکاریکردنی مامۆستا بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی بەهێز و لاوازەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتیەکان.

پێویستە هەگبەی مامۆستا زانیاری و بەڵگەی پێویست بەو بابەتانەی خوارەوەی تێدا بێت:

- ژیاننامەی خودی – سڤیی CV
- کورتەیەک لەسەر پرۆفایەلی مامۆستاکە (مامۆستا چۆن خۆی پێشکەش ئەکات)
- پاشخانی (باکگراوند)ی زانستی مامۆستا و کورتەیەک سەبارەت بە بواری پسپۆریەکەی.
- ڕوونکردنەوەیەکـــی کەســـی بۆ فەلســـەفە و پرینســـیپ و ئامانجەکانی مامۆســـتاکە لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی خوێندن و فێرکردن لە بوارەکەیدا.
- کورتەیەک سەبارەت بەو کۆرس و بوارە پسپۆرییانەی پێشکەش بە خوێندکارانی دەکات.
- ژمارەی قوتابیان کە مامۆستا وانەیان تێدا پێشکەش دەکات.
- خشتەی بابەت و ناونیشان و ڕۆژ و کات و ساتی وانەکان.
- جۆری تاقیکردنەوەکان: پرسیار و وەڵامی نموونەیی و چۆنیەتی بەبەشکردنی ئەرکەکان.
- بەڵگەنامەکان سەبارەت بە هەوڵدان بۆ باشکردنی وانەووتنەوەا وەک بەشداریکردن لە سیمینار.
- داهێنان لە بواری وانەبێژی و ئاسانکردنی پرۆسەی فێرکردن و پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن.
- بەشداری لە شێوازە جیاکانی وانەبێژی: وانەی کلاسیکی، سەرپەرشتی سیمیناری خوێندکاران، دیدی ڕەخنەگرانە و گفتوگۆی ئەکادیمی (بە بەڵگەوە).
- ڕاپۆرتی هەڵسەنگێنەری دەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی کۆرسی مامۆستاکە.
- بواری توێژینەوە: لەســـەر چەند لێکۆڵینەوە کار دەکات و چەندی بە ئەنجام داوە و لە کامیاندا داهێنانی نوێی لێبەدی دەکرێ؟
- بڵاوکراوە زانستیەکان و پەڕتووکی چاپکراو یان وەرگێڕدراو.
- سەرپەرشـــتکردنی نامەکانـــی خوێندنی باڵا (ماســـتەر و دکتۆرا) و بەشـــداریکردن لە لیژنەی تاوتوێکردن.

- بەشداریکردنی چالاک بە بەڵگەوە لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپی زانستی.
- چالاکی تر وەک ئەندامێتی لە کۆمیتە و لیژنەی زانســـتی کارگێڕیەکان: کۆنووسەکان، بەڵگەی بەشداری چالاکانە.
- چالاکی مامۆســـتا لـــە دەرەوی زانکۆ، بۆ نمونە لەگـــەڵ ڕێکخراوە پیشـــەییەکان، ڕێکخراوە خێرخوازەکان، میدیا و ڕۆژنامە.
- هـــەر کۆمەڵە دۆکیومێنتێک و چالاکیەک کە مامۆســـتا خۆیْ بـــە چاکی دەزانێ و دەیەوێ بۆی هەژمار بکرێ.
- پاداشت و سوپاسنامە.

هەگبەی ســـەرۆکی بەش و ســـەرۆکی ســـکوڵ و ڕاگرەکان بەهەمان شـــێوە و بەهەمـــان ناوەڕۆک ئامادەدەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێت.

کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەکان و ڕێکخســـتنیان لە فۆڵدەرێکدا لە ئەســـتۆی خودی مامۆستادایە. پێویســـتە هەموو مامۆستایەک هەگبەکەی بەر لە کۆتایی مانگی نیسان پێشکەش بە سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستی بکات. ئەوەی دوایش بە نهێنی و بە واژوو دەیخاتە بەردەستی ئەندامانی لیژنەی هەڵســـەنگاندن بۆ ئەوەی هەر یەکەیان بە جیا و بە نهێنی کۆپیەکی فۆرمی هەڵســـەنگاندن (فۆرمی بەرایی) پڕ بکاتەوە (خشتەی ژمارە ١٦)

لەخانەی (١٧) ی فۆرمەکەدا ڕێژەی کۆتایی دەنوســـرێت (کۆی ئاســـتەکانی سەرووتر دابەشی ١٦ دەکرێت). پێویســـتە بەرامبەر هەر بڕگەیەک، بەتایبەتی ئەوانەی ئاســـتی زۆر بەرز (سەروو ٤,٥) و یـــان زۆر نـــزم (١-٢) یان هێناوە، تێبینیەک بنوســـرێت و ئاماژە بە بوون وە یان نەبوونی بەڵگەی پێویستی ناو هەگبەکە بدرێت.

لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا پێکدێت لە:

١. ســـەرۆک بەشی زانستی (ســـەرۆکی لیژنە). لەکاتی هەڵسەنگاندنی هەگبەی سەرۆکی بەش و پلە کارگێڕیەکانی ســـەرووتر، پێویســـتە لیژنەی هەڵسەنگاندن لەلایەن بەرپرسی سەرووترەوە سەرۆکایەتی بکرێت.

٢. سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جۆری کۆلیژ / فاکەڵتی یان نوێنەرێکی ئەو.

٣. بەڕێوەبەری هۆبەی زانستی و خوێندنی بالا لە ئاست کۆلیژ / فاکەڵتی.

٤. مامۆســـتایەکی خاوەن ئەزموون، مەرج نیە ئەو مامۆستایە لەناوەوەی فاکەلتی بێت یان بواری پســـپۆڕیەکەی وەک هی مامۆســـتای هەڵسەنگێندراوەکە بێ. مامۆســـتای هەڵسەنگێندراو لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە نابێت.

ســـاڵانە لیژنەی هەڵسەنگاندن پێش کۆتایی مانگی مایس کۆبوونەوەکانی ئەنجام دەدات و ناوەڕۆکی هەگبەی ســـەرجەم مامۆستایان هەڵدەســـەنگێنێ و فۆرمی کۆتایی (ڕێژەی ئاســـتەکان و تێبینی و

پێشـــنیازەکان) پەســـەند دەکات. پێش کۆتایی مانگـــی مایس فۆرمی کۆتایی پەســـەندکراو لەگەڵ کۆنووســـی کۆبوونەوەی لێژنەی هەڵســـەنگاندن بە نهێنی لە ڕێگەی سەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جۆری کۆلیژ/ فاکەڵتیەوە بۆ ڕاگر دەنیردرێت و لە ڕێگەیەوە پێشـــکەش بە ئەنجوومەنی فاکەڵتی دەکرێت. فۆڵدەری هەگبەی مامۆســـتا بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێندرێتەوە. لەو حاڵەتانەی کە مامۆســـتا پلەی زۆر بەرز وە یان زۆر نزمی بەدەست هێناوە، کۆپیەکی فۆڵدەرەکەی لەلای سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جۆری بەشی زانستی هەڵدەگیرێت بۆ کاتی پێویست (بۆ نموونە سکاڵا و پشکنین و بەدواداچوون).

باشـــترین مامۆستای ئاستی هەر بەشێکی زانســـتی و ئاستی فەکەڵتی دەستنیشاندەکرێت و کاندید دەکرێت بۆ باشترین مامۆستا لەسەر ئاستی زانکۆ.

هەموو ســـاڵێک پێش ئاهەنگی دەرچوون، ئەنجوومەنی زانکۆ / دەستە بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری، کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی فاکەڵتیەکان ڕەچاو دەکات و باشرتین مامۆستا لەسەر ئاستی زانکۆ دەستنیشاندەکات بە مەبەستی ڕاگەیاندنی لە ئاهەنگی دەرچووندا.

هەڵســـەنگاندنی هەگبەی مامۆستا بەشێکی دانەبڕاوە لە پڕۆســـەی دڵنیایی جۆری و تەواوکەرە بۆ پڕۆســـەکانی زانستخوازی بەردەوام و هەڵســـەنگاندنی مامۆســـتا لە لایەن خوێندکارانەوە لە ڕێگەی فیدباکەوە. ڕاســـتە کە جۆرێک لە تێکهەڵکێشـــان و دووبارە بوونەوە لە پرسیارەکان بەدی دەکرێت بەڵام وەڵامەکان و هەڵســـەنگاندنەکان لەلایەن دوو پێکهاتەی جیاواز و دوو دیدی سەربەخۆوە ئەنجام دەدرێـــت، یەکێکیان لەلایەن ئیدارەوەیـــە و ئەوی تریان لە لایەن قوتابیانەوەیە. لەوانەیە دەرەنجامی هەڵسەنگاندنەکان بۆ هەمان جۆرە پرسیار زۆر لەیەکتر جیاواز بن.

جگە لە هەگبەی مامۆســـتا ســـەرۆکی لیژنەی دڵنیایی جۆری کۆلیژ فیدباکی مامۆســـتاکان لەسەر سەرۆک بەش، فیدباکی سەرۆک بەش لەسەر ڕاگری کۆلیژ/فاکەڵتی کۆدەکەنەوە و بە نهێنی دەدرێت بـــە بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ/ دەســـتە و لای ئەوان شـــیدەکرێنەوە (نەخشـــەی ١ و ٢). هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا ڕاگرەکانی کۆلیژ و فاکەڵتیەکان ناگرێتەوە.

6. پێداچوونەوەی هاوەڵان Peer Review

ئەدای هەموو مامۆستایەکی وانەبێژ لە جۆری وانە ووتنەوە و جۆری بەکارهێنانی سیستمی فێربوون لە لایەن مامۆستایەکی هاوەڵ هەڵدەسەنگێنرێت کە ئەویش دەبێت مامۆستا بێت لە هەمان بەش. خودی مامۆستای وانەبێژ ئەم هاوەڵە هەڵدەبژێرێت بە مەرجێک خۆی نەبێت بە هەڵسەنگێنەر بۆ مامۆستای هاوەڵ، واتە بەشـــێوەیەکی بازنەیی ئەم هەڵســـەنگاندنە کاردەکات. ئەنجامی ئەم هەڵســـەنگاندنە دەکرێت بە ڕاپۆرت و دەدرێت بە سەرۆک بەش و بەرپرسی دڵنیایی جۆری کۆلیژ. تا نووسینی ئەم نامیلکەیە ئەم بەرنامەیە کاری پێنەکراوە و دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستیەکاربێت.

7. نهێنی پاراستن Confidentiality

ئەرکـــی بەرپرســـەکانی زانکۆیە، بەتایبەتی ئەوانەی لە پرۆســـەی دڵنیایی جـــۆری کاردەکەن، کە پابەندبن بە نهێنی پاراســـتنی ئەو زانیاریانەی لەســـەر مامۆســـتای وانەبێژ، ســـەرۆکی بەش و ڕاگر کۆدەکرێنەوە .

ئەرکی سەرشانی سەرۆک بەش و ڕاگری کۆلییژ/ فاکەڵتیە کە لە نزیکەوە چاودێری جێبەجێکردنی پرۆســـەی دڵنیایی جۆری بکات و مامۆســـتا و قوتابی دڵنیا بکات کە پرۆسەکە بەسەرکەوتویی دەبێ ئەنجامبدرێت.

بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ/ دەستە بە سەرپەرشتی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی دوای خوێندنەوەی دەرئەنجامی شیکردنەوەکانی فۆرمی فیدباک بۆیان هەیە دانیشتنی تایبەت ســـازکەن لەگەڵ مامۆســـتای وانەبێژ و بەدواچوون بکەن بەمەبەســـتی پێشخستن. ئەو مامۆستایەی بە هەســـتێکی بەرزی پیشـــەییەوە پێشوازی لە ڕەخنەکان دەکات و چاکســـازی لە کەموکورتیەکانی خـــۆی دەکات، بـــە فەرمی دەبێت سوپاســـی بکرێت، بەڵام ئەو مامۆســـتایەی ئامـــادە نیە ڕەخنەی ئەکادیمی دروستکەر پەسەندکات ئەوا دەبێتە ڕێگر لە پێشخستنی پرۆسەی خوێندن و فێربوون، ئەم ڕێگرایەتیەش دەبێت لەلایەن ئیدارەی زانکۆ/ دەستەکانەوە چاری بۆ بکرێت و لەگەڵ تێپەربوونی کاتدا ئەو جۆرە مامۆستایانە جێگەی خۆیان لەقدەکەن لە دەزگاکانی خوێندنی باڵا.

8. پەرەپێدانی پرۆگرامەکان Curriculum Development

زانکۆ/ دەســـتەکانی هەرێمی کوردســـتان لە ڕووی پرۆگرامی خوێندن و مێتۆدی فێرکردن پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشـــەیی هەیە بۆ کەمکردنەوەی تەواوی کەلێن و بۆشاییەکانی ناو پرۆسەی فێرکردن. ئەم پرۆگرامە لە شێواز و ستاندەری ئەکادیمیدا دەبێ هاوتابێت لەگەڵ زانکۆ پێشکەوتوەکانی جیهان کە بە جۆرێک توانســـتی زانســـتی فێرخوازان وەها باڵا بکات کە دوای دەرچونیان پەکیان نەکەوێت و بەشداری لە پێشخستنی وولّات بکەن.

ئامانجـــی ســـەرەکی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێنـــدن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پشتبەســـتن بە دەرخکردن کۆتایی پێبێنی و خۆفێرکردن و تێگەیشتن و ڕەخنەگرتن بچەسپێنێ.

بەرنامەی پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن بەشێکە لە دڵنیایی جۆری وجەخت لەسەر فێربوونی زمانی دووەم دەکات، گـــەڕان بـــەدوای زانیاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانـــە critical thinking و بۆ یەکەمجار دروشمی « لە فێرخوازێکی ناچالاک بۆ بیرکەرەوەیەکی ڕەخنەگر کاری بۆ دەکرێت from passive learners to critical thinkers .

لە هەموو زانکۆ و دەستەکاندا بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پرۆگرامەکان دەستنیشان کراوە و ئەرکەکانیان بریتین لە:

- ئاراســـتەکرنی هێڵە گشـــتیەکانی پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن و گونجاندنی یەکەی بابەتەکانی خوێندن لەگەڵ ستاندەرە جیهانییەکاندا.
- پەیوەندیکردن لەگەڵ لێژنەی زانســـتی بەشـــە زانســـتیەکان و ڕێنوێنیکردنیان بۆ پیادەکردنی

پلانه‌كانى وه‌زاره‌تى خوێندنى بالّا له بوارى پەره‌پێدانى پرۆگرامه‌كاندا.

- هەڵسه‌نگاندن و پەسه‌ندكردنى ئەو بابەتانەى گۆڕانكاريان به‌سه‌ردا هاتووه به پێى ڕێنماييه‌كانى وه‌زاره‌ت و زانكۆ و ده‌سته‌كاندا.
- هەڵبژاردنـــى ئەندامانى لێژنەى پەره‌پێدانى پرۆگرامه‌كان به هەمان شـــێوازى لێژنەى دڵنيايى جۆرى ده‌بيت.

له فەرمانى وه‌زارى ژماره ن/٨٥ له به‌رواری ٢٠١١/١٠/٢٣ بڕيار دراوه كه:

- ســـتافى پەره‌پێدانى پرۆگرامه‌كان جياوازن له ســـتافى دڵنيايى جۆرى له زانكۆ و ده‌سته‌كاندا به‌ڵام هەماهەنگى راسته‌وخۆ و به‌رده‌وام له نێوانياندا هەيه.
- ده‌ســـه‌ڵاته‌كانى به‌ڕێوه‌به‌رانى پەره‌پێدانى پرۆگرامه‌كان له زانكۆ و ده‌ســـته‌كان هاوشـــێوه‌ى ده‌سه‌ڵاته‌كانى به‌ڕێوه‌به‌رانى دڵنيايى جۆرى ده‌بێت.
- ده‌سه‌ڵات دراوه به ئەنجومەنى زانكۆ و ده‌سته‌كان كه، له برى كۆنگره، ئەركى پەسەنەندكردنى گۆڕانكارى و ڕيفۆرمى پرۆگرامى خوێندن له ئەستۆ بگرن.
- گۆڕينى پرۆگرامى خوێندن له به‌شـــه زانستيه‌كانەوه پێشـــنياز ده‌كرێت (باشتره هەماهەنگى له‌گەڵ به‌شه هاوشێوه‌كان بكريت بۆ سوود وەرگرتن) و به‌رزده‌كرێته‌وه بۆ ئەنجومەنى كۆليژ و به‌ڕێوه‌به‌ريتى پەره‌پێدانى پرۆگرامه‌كان له زانكۆ و ده‌سته‌كان بۆ ئەوەى به ووردى گفتوگۆى له باره‌وه بكريت و دوا درافتى ئاماده بكرێت، پاشان ده‌درێته وه‌زاره‌تى خوێندنى بالّا.
- پێويسته ئاراسته‌ى كۆبوونه‌وه‌كانى نێوان به‌شه هاوشێوه‌كانى زانكۆ و ده‌سته‌كانى كوردستان بۆ ده‌وڵەمەندكردنى پرۆســـه‌ى پەره‌پێدانى پرۆگرام و ئاڵوگۆڕى بيروڕا بێت نەك كۆپيكردن و هاوتاكردنى پرۆگرامه‌كان.

شـــێوازى پەيوەنديكردنـــى نێوان به‌ڕێوه‌به‌رايه‌تـــى پەره‌پێدانى پرۆگرامه‌كانـــى وه‌زاره‌ت و زانكۆ و ده‌سته‌كان هاوشێوه‌ى دڵنايى جۆرى ده‌بێت كه به شێوه‌يه‌كى سەره‌كى له ڕێگاى ئيمەيڵەوەيە.

تايبه‌تمەنديه‌كانى ئەندامانى لێژنەى پەره‌پێدانى پرۆگرامه‌كان بريتين له:

١. باوەڕى ته‌واوى به گۆڕانكارى و چاكسازى پرۆگرامه‌كانى خوێندن هەبێت.

٢. ئاره‌زووى ككاركردن و كاتى كاركردنى هەبێت.

٣. خاوەنى پله‌ى زانستى شياوبێت.

٤. شاره‌زايى ته‌واوى هەبێت له زمانى ئينگليزى و كۆمپيوته‌ر و شێوازى وانه ووتنەوه.

٥. شاره‌زايى هەبێت له پرۆگرامه‌كانى خوێندن و شێوازى هەڵسه‌نگاندنى پرۆگرامه‌كان.

ئـــەم به‌رنامەيه ســـاڵّى يەكەمـــى خوێندنى زانكۆ ده‌كاته ســـاڵّى ئاماده‌كارى، ئەمـــەش له ڕێگاى به‌رزكردنەوەى توانستى زمان به‌تايبه‌تى زمانى ئينگليزى و عەره‌بى و هاندانى قوتابى بۆ به‌شداريكردن له پرۆســـه‌ى فێربوون و فێركردن، بۆ ئەمەش بابەتێک به‌نـــاوى گفتوگۆى ئەكاديمى academic

debate یان گفتوگۆی زانســـتی scientific debate دادەنرێت و قوتابی دابەشـــدەکرێن بۆ چەند گروپێک و کاردەکەن لەســـەر بابەتێک یان گرفتێک لە بواری پسپۆری خۆیاندا و دواتر گشتیان گفتوگۆی لەسەر دەکەن و ئەرکی مامۆستا تەنها سەرپەرشتیکردنە و قوتابی فێردەکات لە دۆزینەوەی سایت و سەرچاوەکان و پێدانی فیدباک.

لە ســـاڵی یەکەمدا خوێندنی زانکۆ دەبێتە ساڵی ئامادەکاری و ٧٠٪ ی بابەتەکان تەرخان دەکرێت بۆ بنیادنانی توانســـتەکانی قوتابی خوێندکار و ئامادەکردنیان بۆ ژیان و خوێندنی زانکۆ، لە ٣٠٪ ی بابەتەکان دەروازە بێت بۆ پســـپۆڕی بەشەکە. ژمارەی بابەتەکانی قۆناغی یەکەم ٦-٨ بابەت دبێت (بە پێیی پســـپۆڕی بەشەکە و بە ڕەچاوکردنی ژمارەی یەکەی پێویست بە گوێرەی ستاندەردە کارپێکراوە جیهانیەکان).

ســـاڵی دووەمی خوێندنـــی بەکالۆریۆس زیاتر پەیوەندی بە خوێنـــدن و ئایندەی قوتابیەوە دەبێت واتە ئامادەکاریەکی تیۆری دەبێت، بەڵام ســـاڵی ســـێیەم و چوارەم جەخت لەســـەر بواری پراکتیکی سوودبەخش دەکرێت لەگەڵ فێربوونی سەردەمیانە و هەلومەرجی بازاڕی کار بگونجێت. قوتابی هەلی چەنـــد بابەتێکی هەڵبژاردەی پێدەدرێت options وەک هاندان بـــۆ دۆزینەوە و بڕیاردانی ئایندەی خۆی بە ئارەزوی خۆی.

لەهەر بابەتێکی پسپۆری دەبێت لە ٣٠٪ وانەکان بەشێوەی critical thinking پێشکەشبکرێن و بە درێژای هەموو ساڵەکانی خوێندن جەخت لەسەر بەردەوامبوونی زمانی ئینگلیزی تایبەت بە وانە پسپۆریەکان دەکرێت.

لە قۆناغی دووەم و سێیەم و چوارەمی بەشە مرۆییەکاندا لە هەر ساڵێک بەلانی کەمەوە یەک بابەتی پســـپۆڕی بە زمانی ئینگلیزی و یەک بابەتیش بە زمانی عەرەبی دەخوێنرێت.زۆر گرنگە کە سوود لە بەشی ئینگلیزی زانکۆکانی هەرێم وەربگیرێت بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی وانەی زمانی ئینگلیزی، پێویســـتە خولی تایبەت بۆ ڕاهێنانی ئەو مامۆستایانە ڕێکخرێت لە بەشە مرۆییەکان کە ئاستی زمانی ئینگلیزیان باشە تاوەکو بتوانن بەشداری لە ووتنەوەی وانەی زمانی ئینگلیزی پسپۆڕیدا بکەن.

9. مۆڵەتدانLicensing

مۆڵەتدان بە کردنەوەی بەش، سکوڵ، کۆلیژ، فاکەڵتی و زانکۆی نوێ (حکومی و ئەهلی)، یەکێکە لە بەرنامە سەرەکیەکانی دڵنیایی جۆری. کردنەوەی ئەم دەزگایانە دەبێت بە پێی ئەو پێوەرانە بێت کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەرچووە و بە شێوەی فۆرمی تایبەت دارپێژراوە. هەر زانکۆ و دەستەیەک بیەوێت دەزگایەکی زانستی نوێ بکاتەوە دەبێت پێش وەخت بە ماوەیەکی گونجاو پرۆپۆزەڵێکی تێروتەسەل کە تێیدا پەیام Mission و دید Vision و ئامانجەکان Objectives بە درێژێ دەستنیشان بکات و پێشکەشی بەڕێوەبەرایتی دڵنیایی جۆری بکات لە وەزارەت (نەخشەی ژمارە ٢٠).

مۆڵەتدان تەنها پەیوەند نیە بە کردنەوەی دەزگایەکی نوێبەڵکو وەرگرتنی قوتابی خوێندکار لە بەشەکانی زانکۆ و دەستاکاندا ڕاستەوخۆ دەبیت رەزامەندی دڵنیایی جۆری لەسەر بێت ئەمەش بە ڕەچاوکردنی هەندێ پێوەر وەک رێژەی قوتابی خوێنکار بۆ مامۆستا و دابینکردنی پێداویستیەکان. ئەم پەیوەندیەبە هەماهەنگی نێوان بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری زانکۆ / دەستە و بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگا و بە سەرپەرشتیکردنی مەڵبەندی ڕاوێژکاری و پەسەندکردنی بۆردی دڵنیایی جۆری و بۆردی زانکۆلاین بەڕێوە دەچێت.

10. متمانەبەخشین Accreditation

متمانەبەخشین بە زانکۆ/ دەستە جۆرێکە لە دڵنیایی جۆری کە تێیدا پرۆسەی فێربوون و گشت بەرنامەکانی خوێندنی باڵا لە لایەن دەستگایەکی دەرەکیەوە هەڵدەسەنگێنرێت بە مەبەستی ئەوەی بزانرێت ئایا یاسا و ڕێساکانی خوێندن بە ڕێکوپێکی پەیڕەو دەکرێت و ئەنجام دەدرێت یان نا؟. گەر هاتو وەها بێت ئەوا ئەو زانکۆیە متمانەی پێ دەبەخشرێت.

متمانەبەخشین چەمکێکی نوێ نیە، لەزۆر شوێن ڕاستەوخۆ دەوڵەت سەرپەرشتی کردوە بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەم پرۆسەیە کەوتۆتە دەست دەزگای سەربەخۆ. لە کۆمەڵگای خوێندنی باڵای نێودەوڵەتیدا پێناسەیەکی فراوان بۆ «متمانەبەخشین» ڕاگەیاندراوە کە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە زۆر بابەتەوە هەیە لە نێوانیاندا:

- دانانی میکانیزمێکی دیار و باوەڕپێکراو بۆ تاوتوێکردنی «متمانەبەخشین» لە دەزگاکانی خوێندنی باڵا بۆ دەستبەرداربوون لە ئەرکەکانیان.
- دانانی سنووری یاسایەک بۆ خۆپاراستن لە ساختەکردن وخراپ بەکارهێنان لە پێناوی دڵنیاکردنی ئەندامە سەرەکیەکان وەک قوتابی، مامۆستا، کارمەند، حکومەت و کۆمەڵگا کە بەگشتی لە خۆیاندا دەبنە ئامێرێکی سەرەکی بۆ ڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی کارگەی بڕوانامە بەخشین (to prevent the culture of degree mills)

ئایا پێویستمان بە سیستەمی متمانەبەخشین هەیە؟

متمانەبەخشین جۆرە تێگەیشتنێکە کە بە تێپەربوونی کات گەشەی کردوە. بە شێوەیەکی سەرەکی لە بواری پزیشکی و یاسا و ژمێریاریدا پراکتیز دەکرا. بەڵام لەگەڵ پێویستی خێرای خەڵک لە بواری

پەروەردەو خوێندنی بالا و فشـــار و پالّەپەســـتۆی دارایی و کۆمەڵایەتـــی، ئەمانە وەهای کردوە کە دەزگاکانی فێربوون لە زۆر وولاّتدا نەتوانن خواستی demand خەلک دابین بکەن بەبێ زیادکردنی خەرجی یان ئزمبوونی ئاســـتی زانســـت کە لە ئەنجامدا بۆتە فراوانبوونـــی دەزگای فێربوونی کەرتی تایبەت.

بەجیهانبـــوون Globalization تەوژمێکی گەورەی وەبەرهێنـــاوە لە ڕووی خوێندنی بالاوە لە وولاّتانـــی جیهاندا کە ئەمـــەش وای لە زۆر زانکۆ و دەزگای فیربوون کـــردوە کە خزمەتی خۆیان بە وولاّتان بناســـێنن نەک تەنها بۆ قازانج و پارە پەیداکردن بەڵکو لە پێناوی خۆناساندن بە نایابیان لە خوێندن و توێژینەوەدا. بێگومان ئەمەش زۆر پرسیاری دروستکردوە لەسەر ئاستی جۆری خوێندن و توێژینەوە کە بۆتە یەکێک لە هۆکارەکانی متمانەبەخشین لەلایەن هەندێ دەزگای فەرمی باوەڕپێکراو. لـــە زۆر وولاّتدا تەنها دەرچوانی هەندێ زانکۆی متمانەپێبەخشـــراو ڕێگەیان پێدراوە لە هەندێ کاری تایبەتدا دابمەزرێن.

لە هەرێمی کوردســـتان خوێندنی بالای کەرتی تایبەت ئەزموونێکی نوێیە و زیاتر ناوخۆییە، کەرتە حکومیەکانیش دەرەقەتی خواســـتی ئـــەم هەموو قوتابیانە نایەن هەرچەندە پلان و دارشـــتنیان لە گەشەدایە. تێڕوانینی نوێی وەزارەتی خوێندنی بالا لە هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر جۆری وانە ووتنەوە و دامەزراندنی ســـتراتیژی توێژینەوە دەکات تاکو زاڵ بێت بەسەر ناتەواویەکاندا. لەبەر ئەم هۆکارانە سیستمی متمانەبەخشین زۆر پێویستە بۆ دەرفەتدان بۆ دەرچوانمان بۆ پێشبڕکێکردن لەسەر بازاڕی کاری نێودەوڵەتی.

هەنووکە دوو دەزگای بەناوبانگی متمانەبەخشین لە پەیوەندیدان لەگەڵ چەند زانکۆیەکی هەرێم بە مەبەســـتی دەسکەوتنی متمانە. زانکۆی سلێمانی و دهۆک لە گەڵ دەزگای WASC لە ئاڵوگۆڕ و ســـەردانی یەکتردان بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان. ئەم ڕێکخراوە بریتیە لە یەکێک لە بەناوباگترین شـــەش ئاژانسی متمانەبەخشـــین لە وولایەتی کالیفۆرنتا و لەلایەن وەزارەتی خوێندن و فێربوونی ئەمەریکاوە متمانەی پێبەخشـــراوە، وە زۆر لـــە نزیکەوە کار دەکات لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی Overseas school سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکی. یەکێک لە فەلسەفە سەرەکیەکانی ئەم دەزگای WSC ئەوەیە کە متمانەبەخشـــین دەبێت خولێکی بەردەوام بێت لە هەڵســـەنگاندن، پلاندانـــان، جێبەجێکـــردن، چاودێریکردن، بـــە دواداچوون. ئەمانە هەمووی دەبێـــت پەیوەند بن بە فێربوونی قوتابی و دەسکەوتەکانی.

کۆلیـــژی ئەندازیاری زانکۆی ســـەلاحەدین، ســـلێمانی، دهۆک و کۆیە لە ژێـــر چاودێری ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە ڕاهێناندان بۆ بەدەستهێنانی متمانە لەلایەن ڕێکخراوی ABET وە. ئەم کۆلیژانە ڕاپۆرتی خۆهەڵســـەنگاندیان (Self-Assessment Report SAR) ئەنجامداوە و پێشکەشی شارەزاکانیان کردوە بۆ هەڵسەنگاندن.

11. ئەلومنای Alumni

ووشەی ئەلومنای ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەرچووی دەزگایەکی زانستین وەک زانکۆ، دستە، کۆلیژ و پەیمانگا. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەرچوانی ئەم دەزگا زانستیانەن کە دوارۆژێکی گەش بۆ کۆمەڵگا دابین دەکەن.

لە گشت دەزگاکانی خوێندنی بالا ئۆفیسی ئەلومنای هەیە کە کاری سەرەکی پەیوەندیکردنە بە دەرچوانیان وە بەدواداچوون دەکەن لەسەر رێ و شوێنی کارەکانیان و داتا کۆدەکەنەوە لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنیان لە دەزگا حکومی و ئەهلیەکان وە زۆرجاریش دەبنە رێنیشاندەر بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان. ئەم بەدواداچوونە زانکۆ و دەستە دڵنیا دەکاتەوە کە چەند لە دەرچوانیان کاریان دۆزیوەتەوە و لە خزمەتی کۆمەڵگادان.

لە هەرێمی کوردستانیش ئەمڕۆ بازاڕ و وەبەرهێنان ئازادە و کۆمپانیاکان بە مەبەستی گەشەپیدان و پارە پەیداکردن لە ڕکابەریدان بۆ دامەزراندنی کادری باش و پڕ زانست کە لە ئێستادا زیاتر لە دەرەوەی هەرێم هاوردەی دەکەن. لە کۆتاییدا بەرهەمی باشتر و پڕ کوالێتییە کە زیاتر خواستی لەسەرە و حەزی هاوڵاتی دەهێنیتەدی. لەم بوارەدا دەزگاکانی خوێندن لە هەرێم دەبێت ڕاستەخۆ ببنە ئامرازێکی گرنگ و پەیوەندار بۆ بەدیهێنانی کادری پێشکەوتوو کە لە ئایندەدا بە سوودی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە .ئەو دەزگایانەی بەرنامەی کوالێتی بە ڕێکوپێکی جێبەجێدەکەن دەرچوانیشیان ئاسانتر کار دەدۆزنەوەبە بەراورد لەو دەزگایانەی کوالێتی ڕەچاو ناکەن، ئەمەش لە خۆیدا دەبیتە پێشبرکێیەکی ئاسایی لە نێوان دەزگاکانی خوێندندا کە بە پەرۆشەوە کۆمەڵگای کوردی چاوەڕێی دەکات.

CamScanner

خشتەی ١

پرۆسەی دڵنیایی جۆری / فیدباکی مامۆستا سەبارەت بە سەرۆکی بەشی زانستی

ناوی سەرۆکی بەش:

بەشی زانستی: کۆلیژ/فاکەڵتی:

زانکۆ/دەستە:

بەروار:

ژ	پرسیاری هەڵسەنگاندن لەسەر سەرۆکی بەش	ناست (1-5)	تێبینی زیاتر- بەشێوەیەکی بابەتیانە
1	دەوامی نموونەییە و لە کاتوساتی دەوام کردندا ئامادەیە		
2	گرنگی دەداتە چاودێری کردنی ڕەوتی خوێندن و دەوام کردنی مامۆستا و خوێندکار		
3	تەرکیزی لەسەر کوالێتیە و هەنگاوی باشی ناوە بۆ مسۆگەر کردنی کوالێتی لە خوێندن و کارویاری کارگێڕیدا		
4	جیاوازی لە نێوان مامۆستایان ناکات و بە یەکچاو سەیریان دەکات		
5	ڕێگەی دەستێوەردانی دەرەکی لە کارویاری کارگێڕی و خوێندن نادات و بڕیارەکانی بابەتیانە و لە بەرژەوەندی گشتین		
6	لەگەڵ مامۆستا و کارمەند و خوێندکاران پشووی درێژە و بە ڕێزەوە پێشوازی لە داواکانیان دەکات		
7	لەگەڵ مامۆستا و کارمەند و خوێندکاران پشووی درێژە و بە ڕێزەوە پێشوازی لە داواکانیان دەکات		
8	وانەبێژێکی سەرکەوتووە و خوێندکاران لێی ڕازین		
9	توێژەرەوەیەکی سەرکەوتووە لە بوارەکەیدا پسپۆڕە		
10	ئەو ئەرکانەی بە مامۆستایانی دەسپێرێ، خۆیشی بەشدارە و بەش بە حاڵی خۆی هیممەت دەکات		
	کۆی ئاستەکان		
تێبینی	بواری پێشخستن و پەرەسەندنی سەرۆک بەشەکە زۆرە. نموونەی خۆچاکردن ئەوانەن:		

پێوەری هەڵسەنگاندن			
باش نیە 1-2	مامناوەندی 2.1-3	باش3.1-4	زۆرباش4.1-5

ڕەزامەندی ئەم فۆرمە ڕادەپرسێ بەپێی بڕیاری ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی سەرۆک بەش.

خشتەی ٢

پرۆسەی دڵنیایی جۆری / فیدباکی سەرۆکی بەش سەبارەت بە ڕاگری کۆلێژ/فاکەڵتی

ناوی ڕاگر:

بەشی زانستی:

کۆلێژ/فاکەڵتی:

زانکۆ/دەستە:

بەروار:

ژ	پرسیاری هەڵسەنگاندن لەسەر ڕاگر	ناست (1-5)	تێبینی زیاتر- بەشێوەیەکی بابەتیانە
1	دەوامی نموونەییە و لە کاتوساتی دەوام کردندا ئامادەیە		
2	گرنگی دەداتە چاودێری کردنی ڕەوتی خوێندن و دەوام کردنی سەرۆک بەش و مامۆستا و خوێندکار		
3	تەرکیزی لەسەر کوالّیتیە و هەنگاوی باشی ناوە بۆ مسۆگەر کردنی کوالّیتی لە خوێندن و کاروباری کارگێڕیدا		
4	جیاوازی لە نێوان سەرۆک بەشەکان و مامۆستایان ناکات و بە یەکچاو سەیریان دەکات		
5	ڕێگەی دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری کارگێڕی و خوێندن نادات و بڕیارەکانیشی بابەتیانەن و لە بەرژەوەندی گشتین		
6	لەگەڵ سەرۆک بەشەکان و مامۆستا و کارمەند و خوێندکاران پشووی درێژە و بە ڕێزەوە پێشوازی لە داواکانیان دەکات		
7	لە بواری پسپۆڕیەکەیدا لێزانە و نموونەیەکی باشە بۆ چاولێکردن وەک ئەکادیمیەکی سەرکەوتوو، و بەردەوامیش زانستەکەی نوێ دەکاتەوە		
8	وانەبێژێکی سەرکەوتووە و خوێندکاران لێی ڕازین		
9	توێژەرەوەیەکی سەرکەوتووە و لە بوارەکەیدا پسپۆڕە		
10	ئەو ئەرکانەی بە سەرۆک بەش و مامۆستایانی دەسپێرێ، خۆیشی بەشدارە و بەش بە حاڵی خۆی هیممەت دەکات		
	کۆی ئاستەکان		
تێبینی	مەجالی پێشخستن و پەرەسەندنی ڕاگرەکە زۆرە. نموونەی خۆچاکردن ئەوانەن:		

پێوەری هەڵسەنگاندن

باش نیە 2-1	مامناوەندی 3-2.1	باش 4-3.1	زۆرباش 5-4.1

دەرئەنجامی ئەم فۆرمە ڕاپرسیە پەیوەندی بە خاڵە خوازراوەکانی مەگبەی مامۆستاوە نیە، بەڵکو بە جیا مەژاری دەکرێت بە مەبەستی زانیاری لەسەر توانستی ڕاگر.

خشتەی ٣

خشتەی پەرتووکی کۆرس Course book outline

ناوی کۆرس		
مامۆستای بەرپرس		
بەش / کۆلیژ		
پەیوەندی	ت /	ئیمێڵ /
ناوی ڕێکخەر		
پەیوەندی	ت /	ئیمێڵ /

Course overview

بە دوو سێ پەرەگرافی پڕ مانا باس لە گرنگی و پێویستی ئەو کۆرسە بکە

Course objectives

بە دوو سێ پەرەگراف دەستنیشانی پەیامە گرنگەکانی کۆرسەکە بکە و ئەو خاڵانەی کە پێویستە قوتابی لەکاتی کۆتایی ئەو کۆرسە فێریان ببێ دیاریان بکە.

Course Reading List and References سەرچاوە گرنگەکانی ئەو کۆرسە

سەرچاوە بنەڕەتیەکان Key references	سەرچاوەی سوودبەخش Useful references	گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت) Magazine and reviews
.1	.1	.1
.2	.2	.2
.3	.3	.3

بابەتەکان The Topics :
.1
.2
.3
هتد

ئامانج لەو بابەتانە Objectives of each topic:
.1
.2
.3
هتد

ناوەڕۆکی زانستی بابەتەکان Scientific content of each topic:
.1
.2
.3
هتد

سەرچاوەکانی ئەو بابەتانە References:

جۆری پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان Type of exams questions
.1
.2
.3
هتد

وەڵامی نموونەیی پرسیارەکانی سەرەوە Typical answers for above exam questions
.1
.2
.3
هتد

تێبینی:
مامۆستای بەرپرس ئازادە لە دەوڵەمەندکردنی ئەم پەڕتووکی کۆرسە بە پێی تایبەتمەندی ئەو کۆرس و بابەتانەی دەیڵێتەوە و هەروەها ئەو بەش و کۆلیژەی کاری لێدەکات.

خشتەی ٤

فیدباکی قوتابی خوێندکار بۆ کۆرسەکە

کۆرس:	بەروار:	ساڵ:	مامۆستا:
بەش:	کۆلیژ:	زانکۆ:	

ژ	پرسیاری هەڵسەنگاندن	ئاست (1-5)	تێبینی زیاتر- بەشێوەیەکی بابەتیانە
1	پەیام و ئامانجەکانی کۆرسەکە ڕوون و ئاشکرابوون؟		
2	ناوەڕۆکی بابەتەکە سوودبەخش بوو؟ پەیوەندی بە ئامانجی سەرەکی بەشەکە هەبوو؟		
3	مامۆستای وانەبێژ خۆی بە پەرتووکی کۆرسەکەوە ماندوو کردبوو؟		
4	ماموستاکە لەکاتی وانە گوتنەوەدا هەوڵیدا پرنسیپ و ناوەڕۆک وخاڵە گرنگەکانی بابەتەکە بە جوانی و بە سادەیی شیبکاتەوە؟ئەنجامدانی کۆرسەکە ماندوو کردبوو؟		
5	مامۆستاکە لەکاتی خۆیدا هاتە وانەکەو لە کاتی خۆیدا وانەکەی تەواوکرد؟		
6	لە کاتی وانە گوتنەوەدا مامۆستا بە هێمنی و نەرمی و ڕێزلێنانەوە هەڵسوکەوتی کرد؟		
7	ئەو سلایدانەی بەکارهێنران ڕوون و ئاشکرا و سەرنج ڕاکێش بوون؟		
8	مامۆستا کاتی پرسیارکردنی هێشتەوە و هەوڵی دا پرسیارەکان بە تێروتەسەلی وەڵام بداتەوە؟		
9	مامۆستاکە گرنگی بە ڕەخنە و گلەیی قوتابییە خوێندکارەکان دەدا		
10	زانیاری لەسەر شێوازی تاقیکردنەوەکان بەباشی پێشکەشکرابوون		
11	پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی کۆرسەکە بوون		
12	سەرچاوەکانی خوێندنەوە نوێن و لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکە دەگونجێن		

پێوەری هەڵسەنگاندن			
باش نیە 1-2	مامناوەندی 2.1-3	باش3.1-4	زۆرباش4.1-5

خشتەی ٥

ڕاپۆرتی هەڵسەنگێنەری دەرەکی

ناوی هەڵسەنگێنەری دەرەکی:	
بڕوانامە:	پلەی زانستی:
بەش:	کۆلیژ
بواری تویژینەوە و پسپۆڕایەتی:	پۆستی ئێستای:
ئەزموونی وانەبێژی:	زانکۆ:
ڕای هەڵسەنگێنەر لەسەر پەڕتووکی کۆرس	چەند پەرەگرافێک
ڕای هەڵسەنگێنەر لەسەر بابەتی کۆرسەکان:	چەند پەرەگرافێک
ڕای هەڵسەنگێنەر لەسەر جۆری وانە ووتنەوە:	چەند پەرەگرافێک
ڕای هەڵسەنگێنەر لەسەر ئەنجامی فیدباکەکان	چەند پەرەگرافێک
ڕای هەڵسەنگێنەر لەسەر جۆری پرسیاری تاقیکردنەوەکان وەڵامی قوتابیان و نمرە دانان	چەند پەرەگرافێک
لێژنەی زانستی بەش / سکوڵ ئازادە لە دانانی یەک تا دوو ڕای تر کە دەزانن پەیوەندە بە جۆری بەشەوە	

خشتەی ٦

CAD-A

پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام / خشتەی زنجیرە سێمینارەکانی وەرز

بەشی زانستی: **کۆلێژ:** **زانکۆ:**

وەرزی پایز/زستان/بەهار **مامۆستای ڕێکخەر:**

بەروار:	ناونیشانی سێمینار	ناوی پێشکەشکار

بۆ بڵاوکردنەوەیە لە ئاستی بەشی زانستی و کۆلێژ و زانکۆکۆپییەک بۆ لێژنەی دڵنیایی جۆری و دانەیەک بۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری زانکۆ دەنێردرێت

CamScanner

خشتەی ٧

CAD-B

پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام / لیستی ئامادەبوانی سێمینار

بەشی زانستی:　　　　کۆلێژ:　　　　زانکۆ:

ناونیشانی سێمینار:　　　　ناوی پێشکەشکار:　　　　ڕۆژ:　　　　کات:

ناوی مامۆستای ئامادەبوو:	پلەی زانستی	بەشی زانستی	کۆلێژ/فاکەڵتی	واژوو

کۆپی ڕەسەنی ئەم فۆرمە لە لای بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ هەڵدەگیرێت و لە دوای تەواو بوونی سێمینارەکان، ژمارەی کاتژمێرەکانی هەر مامۆستایەک کۆ دەکرێتەوە و لە دواخشتەدا تۆمار دەکرێت، و بەڵگەنامە بۆ هەریەکە لە مامۆستایان ئامادە دەکرێت

خشتەی ٨

CAD-A

پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام / فیدباکی نامادەبووان لەسێمیناری وەرزی

بەشی زانستی: کۆلێژ: زانکۆ:

ناونیشانی سێمینار: پێشکەشکاری سێمینار: بەروار:

ز	پرسیاری هەڵسەنگاندن	ناست1-5	تێبینی زیاتر–بەشێوەیەکی بابەتیانە
1	پوختەی پەیامەکانی سێمیناریەکە روون و ئاشکرا بوون		
2	ناوەرۆکی بابەتەکە سوودبەخش بوو و پەیوەندی بە ئامانجی سەرەکی سێمیناریەکەوە هەبوو		
3	پێشکەشکار لە کاتی پێشکەشکردنی سێمینار هەوڵی دا پرینسیپ و ناوەرۆک و خاڵە گرنگەکانی بابەتەکە بە جوانی و بە سادەیی شێ بکاتەوە		
4	پێشکەشکار هەوڵی دا تەرکیزم لەسەر سێمینارەکە لانەکەوێ		
5	سێمینارەکە لە کاتی خۆیدا دەستی پێ کرد و تەواو بوو		
6	سلایدەکانی بەکار هێنران روون و ئاشکرا و سەرنج ڕاکێش بوون		
7	پێشکەشکار کاتی پرسیار کردنی هێشتەوە و هەوڵی دا پرسیارەکان بە تێرو تەسەلی وەڵام بداتەوە		
8	تێبینی خاڵی بەهێز و کەموکورتیەکان		
	کۆی ئاستەکان		

پێوەری هەڵسەنگاندن			
باش نیە1-2	مامناوەندی2.1-3	باش3.1-4	زۆرباش4.1-5

پێویستە هەموو ئامادە بووەک ئەو فۆرمە پڕ بکاتەوە؛ لە لایەن لێژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێژ شی دەکرێتەوە و دەخرێتە داتابەیسێکەوە؛ پوختەی شی کردنەوەکان بە نهێنی دەدرێتە پێشکەشکار، و کۆپیەک بە نهێنی لە لایەن سەرۆکی بەش هەڵدەگیرێت بۆ کاتی پێویست.

خشتەی ٩

پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام / پوختەی فیدباکی سێمینارەکانی وەرز

بەشی زانستی: کۆلێژ: زانکۆ: وەرزی:

بەروار	ناونیشانی سێمینار	ناوی پێشکەشکار	کۆی ئاستەکان لە CDA-C

ناو و واژووی سەرۆکی بەش: بەروار:

ناو و واژووی سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جۆری: بەروار:

ناو و واژووی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ: بەروار:

کۆپی لە لایەن سەرۆکی بەش و بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ و بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری وەزارەت هەڵدەگیرێت

خشتەی ١٠

CAD-E


پڕۆسەی زانستخوازی بەردەوام
بەڵگەنامەی بەشداریکردن لەسێمینارەکانی بەش/کۆلێژ

لە 1ی نەیلوولی ساڵی ..... تا 30 حوزەیرانی ساڵی

(بەئامادەبوون یان بەشداری چالاکانە)

Ministry of Higher Education & Scientific Research

2006



زانکۆ/دەستە:

کۆلێژ/پەیمانگا:

بەشی زانستی:

شوێنی چالاکی:

ناوی مامۆستا:.....

کۆی کاتژمێرەکانی هەژمارکراو:{ }

ناو و واژووی سەرۆکی بەش:

ناو و واژووی بەرێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ

ئەم بەڵگەنامەیە بە مامۆستا دەبەخشرێ و لەلای خۆیەوە بێ کاتی پێویست هەڵدەگیرێت

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

خشتەی ١١

CAD - F

پڕۆسەی زانستخوازی بەردەوام

فۆڕمی تەواوکردنی بەرنامەی زانستخوازی ماموّستای زانکۆ
لە١ ی ئەیلول ساڵی .....هەتا ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی

ئەم فۆڕمە لە کۆتایی ساڵی ئەکادیمی لە لایەن ماموّستای زانکۆ پڕ دەکرێتەوە
کۆپیەکی لەلای ماموّستاکەوە هەڵدەگیرێت، و دانەیەک لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری زانکۆ بە نهێنی هەڵدەگیرێت، و دانەیەکی تر بۆ بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری وەزارەت دەنێردرێت


ناوی ماموّستا:.....
بەشی زانستی: .....
کۆلێژ:.....
زانکۆ:.....

کاتژمێرەکانی بەشداریکردن بە ئامادە بوون	کاتژمێرەکانی بەشداریکردنی چالاک	بەشداریکردن بە بڵاوکردنەوە	کۆی کاتژمێرەکان
00	00	00	00

واژووی ماموّستا: ئەو زانیاریانە و ژمارەی کاتژمێرەکانی زانستخوازی کە لێرەدا تۆمار کروان پاستن و خۆم بەرپرسیارم بەرامبەر هەر هەڵەیەکی کە تێیدا هاتووە. _____ بەروار

واژووی سەرۆک بەش یان پاگری کۆلێژ:
(دوای سەیر کردن و دڵنیابوون لە بەڵگەکان) _____بەروار


واژووی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری
(دوای سەیر کردن و دڵنیابوون لە بەڵگەکان) _____بەروار



CAD-G

بەڵگەنامەی بەشداریکردن لەچالاکی زانستخوازی کۆنفرانس یان وۆرکشۆپ

ناونیشانی کۆنفرانس یان وۆرکشۆپ:



بەزگای پێکەر:

شوێنی ئەنجامدان:

ناوی مامۆستا: .....

کۆی کاتژمێرەکانی هەژمارکراو: {{

مۆری بەزگای پێکەر:

پۆژ:

کات:

خشتەی ١٢

CAD -١

پرۆسەی زانستخوازی بەردەوام

بۆگەیاندنی پوختەی زانیاری پێویست بە بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری

ئەم ڤۆرمە چوار بەشیە (A١-٤) لە ئوای تەواو بوونی زنجیرە سێمینارەکە لە لایەن مامۆستای ڕێکخەر ئامادە دەکرێ، و لە لایەن سەرۆکی بەش واژوو دەکرێ، و لەلایەن سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێژەکە ووردبینی لەسەر دەکرێ، ئەوجا کۆپیەکی لێ دەدرێتە بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ و کۆپیەکیش بۆ هاوتاکەی لە وەزارەت دەنێردرێت

١- پێناسە

بواری پسپۆڕی سێمینارەکان	
مامۆستای ڕێکخەر	
ناونیشانی بەش/لق و کۆلێژ	
زانکۆ	

٢- پرۆسەی جێبەجێکردن

پرسیار	وەڵام	تێبینی
ئایا خشتەی سێمینارەکان لە پێش وەرز ئامادە کرابوون؟		
ئایا لە وێبسایتی وەزارەت و بڵاوکراوەی فەرمیدا ڕاگەیاندرابوون؟		
ئایا ناوی ئامادەبوانی هەموو سێمینارێک لە لیستێکدا نوسرابوون؟		
ئایا لە هەر سێمینارێکدا فۆرمی فیدباک دابەش کرا؟		
ئایا فۆرمەکان لە کۆتایی وەرزدا گەیەندرانە دەستی سەرۆکی لێژنەی دڵنیایی جۆری؟		

خشتەی ١٤

١-٣پوختەی فیدباکی ئامادەبووان لەزنجیرە سێمینارەکانی بەشی زانستی و کۆلێژ

ناوی پێشکەشکار	ناونیشان	بەش/کۆلێژ	ڕۆژ	ژمارەی ئامادەبووان	ڕێژەی ئاستەکانی فیدباک

٤-١ واژووی بەڕێرسەکان

ناوی بەڕێرس	واژووی بەڕێرسەکان دوای و وربینی لە بەڵگەکان	بەروار
مامۆستای ڕێکخەر		
سەرۆکی بەش		
لێژنەی دڵنیایی جۆری کۆلێژ		
بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری زانکۆ		

خشتەى ١٥

خشتەى خالّە خوازراوەكانى زانستخوازى بەردەوام

	جۆرى چالاكى	خالّەكان	تێبينى
ئالیەتەكانى بەدەستهێنانى خالّەكان			
1	نامادەبوون لە سمينارى بەش/ كۆليژ	1	
2	پێشكەشكردنى سمينار لەبەش/ كۆليژ	3	
3	بەشداربوون بە توێژينەوە لە كۆنگرە و كۆنفرانسى زانستى	3	(3) كاتژمێر بۆ هەر رۆژێك ، رۆژانى سەفەر هەژمار ناكرێت
4	نامادەبوون لە كۆنگرە و كۆنفرانسى زانستى (بەبێ توێژينەوە)	2	2) كاتژمێر بۆ هەر رۆژێك ، رۆژانى سەفەر هەژمار ناكرێت
5	توێژينەوەى بلاوكراوە يان پەسەندكراو بۆ بلاوكردنەوە لەگۆڤارێكى زانستىگۆڤارى دەرەوەى ولاّت - جيهانى	4	
6	وەدەستهێنانى پاكانەى دەرهێنان (براءە اختراع)	7	
نووسينى پەرتووك			
7	ا: دانانى پەرتوكێك لەسەر داواى زانكۆ	10 7	خالّەكان لەسالّى تەواو بوونى پەرتووكوكە هەژماردەكرێت
	ب: دانانى پەرتوكێكى زانستى - بەبێ داواى زانكۆ	5 - 3	خالّەكان لەسالّى تەواو بوونى پەرتووكوكە هەژماردەكرێت
وەرگێران			
8	ا: وەرگێران لەسەر داواى زانكۆ	7 - 5	هەمان تێبينى خالّى (7)
	ب: وەرگێران بەبێ داواى زانكۆ، بەمەرجێك پشتگيرى لێژنەى زانستى بەش بەدەستبهێنێت	3 - 2	هەمان تێبينى خالّى (7)
هەڵسەنگاندنى توێژينەوە			
9	ا: هەڵسەنگاندنى توێژينەوەكانى بەرزكردنەوەى پلەى زانستى (بۆ ترقيه)	1	
	ب: هەڵسەنگاندنى توێژينەوەى گۆڤارەكان	گۆڤارى ناوخۆ 1	گۆڤارى جيهانى 2 خالّ
سەرپەرشتى نامەكان (اشراف اطاريح)			
10	ا: سەرپەرشتى نامەى دبلۆم	1	
	ب: سەرپەرشتى نامەى ماستەر	2	
	ج: سەرپەرشتى نامەى دكتۆرا	3	

تاوتوێکردنی نامەکان (مناقشه اطاریح)				
11	ا، تاوتوێکردنی نامەی دبلۆم	1		
	ب، تاوتوێکردنی نامەی ماستەر	2		
	ج، تاوتوێکردنی نامەی دکتۆرا	3		
هەڵسەنگاندنی زانستی و زمانەوانی نامەکان (تقییم علمی ولغوی للاطاریح)				
12	ا، دبلۆم	1		
	ب، ماستەر	2		
	ج، دکتۆرا	3		
13	هەڵسەنگاندنی نووسینی پەرتوک و وەرگێران	2		
لێژنە زانستیەکان				
14	ا، لێژنەی بەش، زانستی وخوێندنی بالآ و دڵنیایی جۆری	1	بان هەر لێژنەیەکی تر بە پەرجێک فەرمانی زانکۆیی بان ڕەزامەندی ڕاگری هەبێت	
	ب، لێژنەی کۆلێژ، زانستی وخوێندنی بالآ و دڵنیایی جۆری	1		
	ج، لێژنەی بەرزکردنەوەکان (الترقیات)	2		
	و، لێژنە زانستیەکان لەومزارەتەکانی تر (هەمیشەیی و سالآنە)	2	بە فیعلی وصف بکرێن هەرێەک بەتەنیا ڕەزامەندی لە سەر بدرێت.	
	ز، هەڵسەنگێنەری دەرەکی لەپرۆسەی دڵنیایی جۆری	2		

تێبینی: بەپێی تایبەتمەندی بەش و کۆلێژ ئەم خشتەیەی سەرەوە دەکرێت خانە و خاڵی بۆ زیاد بکرێت بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری وەزارەت


خشتەی ١٦

فۆرمی هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا

ژ	پرسیاری هەڵسەنگاندن	ئاست 1-5	تێبینی زیاتر – بەشێوەیەکی بابەتیانە و بە بەڵگەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئاستەکە 5ەیان کەمتر لە 2 بوو.
1	زانکۆ بە مۆڵکی خۆی دەزانێ و 100%ی کاتی دەوامی بۆ پێشکەشکردنی پرۆسەی خوێندن و خزمەتی زانست تەرخان دەکات و دەوامی لە زانکۆ و دەستەدا نموونەییە		
2	گرنگی دەداتە چاودێری کردنی ڕەوتی خوێندن و دەوام کردنی خوێندکار و ئەگەر خۆی لە وانەیەک نوابکەوت، قەرەبووی دەکاتەوە		
3	تەرکیزی لەسەر کوالێتیە و هەنگاوی باشی بۆ مسۆگەر کردنی کوالێتی لە خوێندن ناوە		
4	لە سەرەتای ساڵدا کۆرس بووک لە بابەتەکانی خۆی ئامادە دەکات و پرینسیپ و مەبەستەکانی پیدانی کۆرس بووک بە قوتابی شیدەکاتەوە.		
5	لەتاقی کردنەوەکانی سەری ساڵدا چالاکانە بەشداری لە ئەنجامدان و هەڵەچنین و شی کردنەوەی دەرەنجامەکان و دەرخستنی دوانەنجامەکان دەکات.		
6	شێوازی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ڕەچاو دەکات و ڕەخنەی بەرامبەریش قەبوڵ دەکات		
7	جیاوازی لە نێوان قوتابیان ناکات و بە یەکچاو سەیریان دەکات و ئەوانیش بە گشتی لێی ڕازین		
8	ڕێگەی دەستێوەردانی دەرەکی لە کارویاری خوێندن نادات و بڕیارەکانیشی بابەتیانەن و لە بەرژەوەندی گشتین		
9	ڕۆحی هاوکاری لەگەڵ مامۆستا و کارمەندار بەشانداوە و بە ڕێز و پشووی درێژەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.		
10	لە بواری پسپۆڕیەکەیدا لێزانە و وەک ئەکادیمیەکی سەرکەوتوو نموونەیەکی باشە بۆ چاولێکردن.		
11	ڕێنماییەکانی سەرووتر و ئەو ئەرکانەی سەریاری وانەبێژی پێی دەسپێردرێت بە ڕێکوپێکی و لە کاتوساتی خۆیدا جێبەجێ دەکات		
12	چالاکانە هاوکاری سەرۆکایەتی بەش دەکات لە داڕێژتنی سیاسەتی گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی و دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی دڵنیایی جۆری.		
13	لە بواری توێژینەوەدا چالاکە و بەرهەمەکانی لە ئاستی عیراقدا وەیان لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیدا بڵاو دەکاتەوە		
14	توێژینەوەکانی لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدایە و بەرهەمەکانی لە گۆڤارە نێودەوڵەتیەکاندا بڵاو دەکاتەوە.		
15	دەستپێشخەرە و بە چالاکانە بەشداری لە لێژنە جۆراوجۆرەکانی ناو بەش و سکوڵ و فاکەڵتیدا دەکات		
16	بەشداری لە کۆمەڵێ چالاکی دەرەکی پیشەیی و ڕاگەیاندن و خێرخواز دەکات، وەیان بەشداری لە هەر چالاکیەکی تری گونجاو کە مامۆستاکە خۆی بەچاکی دەزانێ.		
17	ڕێڕەوی ئاستەکان		
18	تێبینی و ڕەخنە و پێشنیاز بۆ خۆچاکردن و پێشخستن و پەرەسەندنی مامۆستاکە ئەوانەن:	1-	
		2-	
		3-	

کۆنفرانس و وۆرکشۆپەکان سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری

کۆنفرانس / وۆرکشۆپ	شوێن	بەروار
وۆرکشۆپ / دەستنیشانکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و پرینسپەکانی متمانەبەخشین- زانکۆی ئەپەلاچیان	وەزارەتی خوێندنی بالّا هەولێر	22-2010/1/26
وۆرکشۆپ / خۆهەڵسەنگاندن، پۆل و ئەرکەکان. کۆکردنەوەی داتا و زانیاری	وەزارەتی خوێندنی بالّا هەولێر	27-2010/3/28
وۆرکشۆپ / دەستنیشانکردنی پێداویستیەکانی کار بۆ خۆهەڵسەنگاندن و چونیەتی مسۆگەرکردنی ئەو پێداویستیانە لەلایەن زانکۆکانەوە	بەحرەین / مەنامە British council	1-2010/3/3
وۆرکشۆپ ڕێکخراوی یۆنسکۆ / بەرەو پێشبردنی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکانی عیراق	دۆحە / قەتەر	27 – 28 /9/2010
کۆنفرانسی وەزارەتی خوێندنی بالّا و تویژینەوەی زانستی	هەولێر	14-2010/12/16
وۆرکشۆپ فیرگەی نیشتیمانی حکومەتی بەریتانیا National School of Government	وەزارەتی پلاندانان هەولێر	24-2011/1/27
وۆرکشۆپ فیرگەی نیشتیمانی حکومەتی بەریتانیا National School of Government	وەزارەتی پلاندانان هەولێر	13- 2011/2/17
وۆرکشۆپ ڕێکخراوی یۆنسکۆ / دڵنیایی جۆری لە زانکۆکانی عیراق	هەولێر/ شیراتۆن	27-2-2011/3/01
دەزگای WASC متمانەبەخشین / کۆنفرانس و وۆرکشۆپ	سانفرانسسکۆ/ کالیفۆرنیا	4/4-2011/4/16
وۆرکشۆپ ئەنجامدانی پرۆسەکانی دڵنیایی جۆری فێرکردن	زانکۆی George Mayson, USA	2-2011/5/14
ڕێکخراوی یۆنسکۆ / بەرەو وەرگرتنی متمانە بۆ کۆلیژەکانی ئەندازیاری لە لایەن دەزگای ABET	دۆحە / قەتەر	6-2011/6/11
دەزگای WASC متمانەبەخشین / کۆنفرانس و وۆرکشۆپ	سانفرانسسکۆ/ کالیفۆرنی	4-2011/10/16
ئاژانسی کوالّیتی مالیزیا	کوالا لامپۆر	12-2012/12/22
دەزگای خوێندنی نێودەوڵەتیIIE	هەولێر	29-2012/1/31



کۆکراوەی ڕێنماییەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە سیستەمی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان

کۆلیژی

لە خوێندنی باڵا

زانستخوازی بەردەوام

دیبەیتی ئەکادیمی

متمانە بەخشین

سەرکردنەوەی ڕەخنەگرانە

خشتەی ١٨

پاداشت و دەرەئەنجامەکان مامۆستایان لە دڵنیایی جۆری بە پێی فیدباکی قوتابیان و خوێندکاران

پلە	خاڵ	پلە	تێبینی
A•	سەروو 4.5	زۆرباش	سوپاس و پیرۆزبایی فەرمی پێدەدرێت، بە مەرجێک لە زانستخوازی بەردەوام دا ناستی خوازراوی (A•یان A)ی بەدەست هێنابێ و لە هەڵسەنگاندنی مامۆستا (هەگبەی مامۆستا) لە لایەن لێژنەی سەرۆکایەتی بەشەوە بە لانی کەمەوە (B) وەدەست هێنابێ
A	2.50 بەرەوسەر	باش	مافەکانی وەک خۆی پارێزراون
B	2.49 –2.00	مامناوەندی	B1- ئەگەر لە زانستخوازی بەردەوامدا (A یان A•)ی بەدەستهێنابێ وە لە هەڵسەنگاندنی سەرۆکایەتی بەش (هەگبەی مامۆستا) کارەکانی بەرز نرخێندرابێ (پلەی A) ئەوا مافەکانی وەک دەپارێزرێ. B2– ئەگەر لە زانستخوازی بەردەوامدا (B) و کەمتری بەدەستهێنابێ ئەوا: ا- نامەی وەبیرهێنانەوەی پێدەدرێت بۆ هیممەتی زیاتر بۆ ساڵی تایندە. ب- مامۆستاکە لە سێ وانەی مامۆستای سەرکەوتووی جیاواز ئامادە ببێ بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی هاوکارانی وەربگرێ
C	1.99 – 1.50	خوار مامناوەندی	C1- ئەگەر لە زانستخوازی بەردەوامدا (A یان A•)یبەدەستهێنابێ و لە هەڵسەنگاندنی سەرۆکایەتی بەش (هەگبەی مامۆستا) کارەکانی بەرز نرخێندرابێ (پلەی A) ئەوا دەرەنجامەکانی مامناوەندی (B2)ی سەرەوەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت C2- ئەگەر لە زانستخوازی بەردەوامدا (B) و کەمتری بەدەستهێنابێ، ئەوا لە دڵنیایی جۆریدا بە دواکوتوو دادەنرێت و پێویستە: ا- دوو هەڵسەنگێنەری دەرەوەی بەشە زانستیەکەی و بەرێوەبەری دڵنیایی جۆری هەڵسەنگاندنی ئەدای بۆ بکەن و تێبینی و ڕەخنەکانیان پێشکەش بە مامۆستاکە بکەن ب- مامۆستاکە لە شەش وانەی مامۆستای سەرکەوتووی جیاواز ئامادە ببێ بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی هاوکارانی وەربگرێ، و دیسانەوە سەرلەنوێ دوو هەڵسەنگێنەرەکە ئەدای هەڵبسەنگێننەوە. ج ئەگەر لە ساڵی دواتر هەمان دەرەنجامی لە دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام وەدەستهێنا، ئەوا بڕیارەکانی دواکەوتنی (D2) لە خوارەوە بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.
D	1.50 – 1.00	دواکەوتو	D1- ئەگەر لە زانستخوازی بەردەوامدا (A یان A•)یبەدەستهێنابێ، وە لە هەڵسەنگاندنی سەرۆکایەتی بەش (هەگبەی مامۆستا) کارەکانی بەرز نرخێندرابێ (پلەی A) ئەوا دەرەنجامەکانی پلەی خوار مامناوەندی (C2) سەرەوەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. D2- ئەگەر لە زانستخوازی بەردەوام (B) و کەمتری بەدەستهێنابێ، ئەوا لە دڵنیایی جۆریدا بە دواکوتوو دادەنرێت و پێویستە بۆ ماوەی سێ (3) مانگ مافی وانەبێژی پێ نەدرێت و لەو ماوەیەدا: ا- دەرماڵەی خۆتەرخانکردنی زانکۆیی (التفرغ الجامعي) پێ نەدرێت وکاری تری لەلایەن زانکۆوە پێدەسپێردرێت ب- سەرلەنوێ تەواوی خولی ڕێگاکانی وانەووتنەوەی پێ دووبارە دەکرێتەوە دواتر و هەڵسەنگاندنی ڕاهێنانەکەی پێ بکرێتەوە. ج لە حاڵەتی دووبارە بوونەوە بۆ دوو ساڵی یەکلەدوای یەکتر، ئەوا مافی مامۆستایەتی بە یەکجارەکی لێ دەسەندرێتەوە.

بەپێی پێشنیاز و بڕیاری ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت و ئەندامانی لێژنەی باڵای دڵنیایی جۆری (یاریدەدەرانی سەرۆک زانکۆکان و بەڕێوەبەرانی دڵنیایی جۆری)، بڕیار دراوە کە هەردوو پڕۆسەی زانستخوازی بەردەوام و هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە لایەن سەرۆکایەتی بەشەوە لەو خشتەیەدا ڕەچاو بکرێ.

خشتەی ١٩

خشتەی کاتژمێرە خوازراوەکانی پڕۆسەی زانستخوازی بەردەوام
پاداشت و دەرەنجامەکانی بەشداریکردن

١. زانکۆی سەلاحەدین، زانکۆی سلێمانی، زانکۆی دهۆک، زانکۆی هەولێری پزیشکی:

خاڵی خوازراو بۆ پلەی زانستی				
	پرۆفیسۆر	پ- یاریدەدەر	ماموستا	م. یاریدەدەر	
پلە	نامادەبوون 25 کارا 35	نامادەبوون 22 کارا 28	نامادەبوون19 کارا 16	نامادەبوون 15 کارا 10	دەرئەنجامەکان
A•	سەرو 80	سەروو 70	سەروو 55	سەروو 45	سوپاس و پێزانینی فەرمی وەزارەتی پێدەدرێت بە مەرجێک لەخشتەی دڵنیایی جۆرییدابە پێی فیدباکی قوتابیان بەلانی کەمەوە (A) هێنابێ..
A	79 -60	69 - 50	54 - 35	44 - 25	مافەکانی وەک خۆی پارێزدراون
B	59 -45	49 -35	34 -24	24 -18	نامەی وەبیرهێنانەوەی پێدەدرێت بۆ هیممەتی زیاتر بۆ ساڵی ئایندە. ئەگەر دووبارە بۆوە مامەڵەی بڕگەی (C) لەگەڵ دەکرێت.
C	44 -20	34 -20	23 - 15	17 - 12	- بە دواکوتوو دادەنرێت و بۆ ماوەی (3) سێ مانگ مافی وانەبێژی پێ نادرێت و لەو ماوەیەدا دەرمالەی خۆتەرخانکردنی زانکۆیی (التفرغ الجامعي) پێ نادرێت. - بۆ ماوەی ساڵێک، مافی پێشکەشکردنی بۆ پۆستی کارگێڕی نابێ. - مافی ئیفادکردنی بۆ دەرەوەی وڵات بۆ هەر مەبەستێک پێنادرێت. - ئەگەر دوو ساڵ لەسەریەک بە هەمان ناست دواکەوت ئەوا بۆ ماوەی ساڵێک مافی وانە بێژی پێ نادرێت. لەو ماوەیەشدا کاری تری لەلایەن زانکۆوە پێدەسپێردرێت
D	19 - 6	19 - 6	14 - 6	11 - 6	- بۆ ماوەی (6) شەش مانگ مافی وانە بێژی پێ نادرێت، - هەروەها دەرئەنجامەکانی تری بڕگەی (C) لەسەر جێبەجێدەکرێت
E	صفر - 5	صفر – 5	صفر – 5	صفر - 5	- بەکەمتەرخەم لە قەڵەم دەدرێت - ماوەی ساڵێک مافی وانەبێژی پێ نادرێت - هەروەها دەرئەنجامەکانی تری بڕگەی (C) لەسەر جێبەجێدەکرێت - ئەگەر بۆ ساڵی دووەم هەمان ناستی بەدی هێنا، ئەوا مافی وانەبێژی بە شێوازێکی هەمیشەیی لێ دەسەندرێتەوە، کاری تری لەلایەن زانکۆوە پێدەسپێردرێت

٢. زانكۆى كۆيە:

خالّى خوازراو بۆ پلەى زانستى					
	پرۆفيسۆر	پ- ياريدەدەر	مامۆستا	م. ياريدەدەر	
پلە	نامادەبوون 22 28 كارا	نامادەبوون 18 22 كارا	نامادەبوون 16 14 كارا	نامادەبوون 12 8 كارا	دەرئەنجامەكان
A•	سەروو 70	سەروو 60	سەروو 50	سەروو 40	سوپاس و پێزانينى فەرمى وەزارەتى پێدەدرێتبە مەرجێک لە خشتەى دڵنيايى جۆريدا بە پێى فيدباكى قوتابيان بەلاتى كەمەوە (A) هێنابێ.
A	69 -50	59 - 40	49 - 30	39 - 20	مافەكانى وەک خۆى پارێزراون
B	49 -35	39 -30	29 -22	19 -14	نامەى وەبيرهێنانەوەى پێدەدرێت بۆ هيممەتى زياتر بۆ سالّى نايندە، ئەگەر دووبارە بووە مامەڵەى برگەى (C) لەگەڵ دەكرێت.
C	34 -20	29 -20	21 - 14	13 - 10	- بە دواكوتوو دادەنرێت و بۆ ماوەى (3) سێ مانگ مافى وانەبێژى پێ نادرێت و لەو ماوەيەدا دەرمالّەى خۆتەرخانكردنى زانكۆيى (التفرغ الجامعي) پێ نادرێت - بۆ ماوەى سالّێک، مافى پێشكەشكردنى بۆ پۆستى كارگێڕى نابێ - مافى ئيفادكردنى بۆ دەرەوەى وڵات بۆ هەر مەبەستێک پێنادرێت. - ئەگەر دوو سالّ لەسەريەک بە هەمان ناست دواكەوت ئەوا بۆ ماوەى سالّێک مافى وانە بێژى پێ نادرێت. لەو ماوەيەشدا كارى تری لەلايەن زانكۆوە پێدەسپێردرێت
D	19 - 6	19 - 6	13 - 6	9-6	- بۆ ماوەى (6) شەش مانگ مافى وانە بێژى پێ نادرێت - هەروەها دەرئەنجامەكانى تری برگەى (C) لەسەر جێبەجێدەكرێت
E	صفر – 5	صفر – 5	صفر – 5	صفر – 5	- بەكەمتەرخەم لە قەڵەم دەدرێت - ماوەى سالّێک مافى وانەبێژى پێ نادرێت - هەروەها دەرئەنجامەكانى تری برگەى (C) لەسەر جێبەجێدەكرێت - ئەگەر بۆ سالّى دووەم هەمان ناستى بەدى هێنا، ئەوا مافى وانەبێژى بە شێوازێكى هەميشەيى لێ دەسەندرێتەوە. كارى تری لەلايەن زانكۆوە پێدەسپێردرێت


٣. زانکۆی سۆران، زانکۆی زاخۆ، دەستەی تەکنیکی هەولێر، دەستەی تەکنیکی سلێمانی:

خانی خوازراو بۆ پلەی زانستی					
	پرۆفیسۆر	پ- یاریدەدەر	ماموستا	م. یاریدەدەر	
پلە	ئامادەبوون 21 24- کارا	ئامادەبوون 17 18- کارا	ئامادەبوون 13 12 کارا	ئامادەبوون 12 8 کارا	دەرئەنجامەکان
A٥	سەروو 65	سەروو 55	سەروو 45	سەروو 35	سوپاس و پێزانینی فەرمی وەزارەتی پێدەدرێتبە مەرجێک لە خشتەی دڵنیایی جۆریدا بە پێی فیدباکی قوتابیان و بەڵانی کەمەوە (A) هێنابێ.
A	64 -45	54 - 35	44 - 25	34 - 20	مافەکانی وەک خۆی پارێزراون
B	44-30	34 -25	24 -18	19 -14	نامەی وەبیرهێنانەوەی پێدەدرێت بۆ هیممەتی زیاتر بۆ سالّی نایندە ئەگەر دووبارە بووەو مامەڵەی بڕگەی (C) لەگەڵ دەکرێت.
C	29 -15	24 -15	17 - 12	13 - 10	- بە دواکوتوو دادەنرێت و بۆ ماوەی (3) سێ مانگ مافی وانەبێژی پێ نادرێت و لەو ماوەیەدا دەرماڵەی خۆتەرخانکردنی زانکۆیی (التفرغ الجامعي) پێ نادرێت - بۆ ماوەی سالّێک، مافی پێشکەشکردنی بۆ پۆستی کارگێڕی نابێ - مافی ئیفادکردنی بۆ دەرەوەی وڵاتبۆ هەر مەبەستێک پێنادرێت. - ئەگەر دوو سالّ لەسەرێک بە هەمان ناست دواکەوت ئەوا بۆ ماوەی سالّێک مافی وانە بێژی پێ نادرێت. لەو ماوەیەشدا کاری تری لەلایەن زانکۆوە پێدەسپێردرێت
D	14 -6	14 - 6	11 - 6	9-6	- بۆ ماوەی (6) شەش مانگ مافی وانە بێژی پێ نادرێت - هەروەها دەرئەنجامەکانی تری بڕگەی (C) لەسەر جێبەجێدەکرێت
E	صفر – 5	صفر – 5	صفر - 5	صفر – 5	- بەکەمتەرخەم لە قەڵەم دەدرێت - ماوەی سالّێک مافی وانەبێژی پێ نادرێت - هەروەها دەرئەنجامەکانی تری بڕگەی (C) لەسەر جێبەجێدەکرێت - ئەگەر بۆ سالّی دووەم هەمان ناستی بەدی هێنا، ئەوا مافی وانەبێژی بە شێوازێکی هەمیشەیی لێ دەسەندرێتەوە. کاری تری لەلایەن زانکۆوە پێدەسپێردرێت

٤. زانکۆی گەرمیان، ڕاپەڕین ، هەڵەبجە و پەیمانگاکانی دوور لە شار:

	خاڵی خوازراو بۆ پلەی زانستی			
	پرۆفیسۆر	پ- یاریدەدەر	ماموستا	م. یاریدەدەر
پلە	نامادەبوون 18 22- کارا	نامادەبوون 14 16- کارا	نامادەبوون15 10 کارا	نامادەبوون128 کارا
A+	سەروو 60	سەروو 50	سەروو 45	سەروو35
A	59 -40	49 - 30	44 - 25	34 - 20
B	39 -25	29 -22	24 -18	19 -14
C	24 -15	21 - 15	17 - 12	13 - 10
D	14 -6	14 - 6	11 -6	9 -6
E	صفر – 5	صفر – 5	صفر - 5	صفر – 5

دەرئەنجامەکان
سوپاس و پێزانینی فەرمی وەزارەتی پێدەدرێت بە مەرجێک لە خشتەی دڵنیایی جۆریدا بە پێی فیدباکی قوتابیان و بەڵانی کەمەوە (A) هێنابێ.
مافەکانی وەک خۆی پارێزراوە
نامەی وەبیرهێنانەوەی پێدەدرێت بۆ هیممەتی زیاتر بۆ سااڵی ئایندە، ئەگەر دووبارە بووە مامەڵەی بڕگەی (C) لەگەڵ دەکرێت.
- بە دواکوتوو دادەنرێت و بۆ ماوەی (3) سێ مانگ مافی وانەبێژی پێ نادرێت و لەو ماوەیەدا دەرماڵەی خۆتەرخانکردنی زانکۆیی (التفرغ الجامعي) پێ نادرێت - بۆ ماوەی سااڵێک، مافی پێشکەشکردنی بۆ پۆستی کارگێڕی نابێ - مافی ئیفادکردنی بۆ دەرەوەی وڵاتبۆ هەر مەبەستێک پێنادرێت. - ئەگەر دوو ساڵ لەسەریەک بە هەمان ناست دواکەوت ئەوا بۆ ماوەی سااڵێک مافی وانە بێژی پێ نادرێت. لەو ماوەیەشدا کاری تری لەلایەن زانکۆوە پێدەسپێردرێت
- بۆ ماوەی (6) شەش مانگ مافی وانە بێژی پێ نادرێت - هەروەها دەرئەنجامەکانی تری بڕگەی (C) لەسەر جێبەجێدەکرێت
- بەکەمتەرخەم لە قەڵەم دەدرێت - ماوەی سااڵێک مافی وانەبێژی پێ نادرێت - هەروەها دەرئەنجامەکانی تری بڕگەی (C) لەسەر جێبەجێدەکرێت - ئەگەر بۆ ساڵی دووەم هەمان ناستی بەدی هێنا، ئەوا مافی وانەبێژی بە شێوازێکی هەمیشەیی لێ دەسەندرێتەوە. کاری تری لەلایەن زانکۆوە پێدەسپێردرێت



CamScanner

خشتەی ٢٠

فۆرمی پێشکەشکردن بۆ کردنەوەی بەش، سکوڵ، کۆلیژی نوێ لە زانکۆ / دەزگا زانستیەکان

(١) ناوی زانکۆ / دەزگا	
(٢) کۆلیژ / فاکەلتی / بەش	
(٣) ناوی پێشنیازکراو و بەرواری کردنەوەی	
(٤) پەیام Mission	
(٥) دید Vision	
(٦) ئامانجەکان Objectives	
(٧) پلانی ساڵانەی ئەم دەزگا نوێیە چیە؟ ئایا دەگونجێت لەگەڵ پلانی زانکۆ / دەستە	

(8) ناوبکۆرسەکان و یەکەکانیان Credit hours	قۆناغی 1	قۆناغی 2	قۆناغی 3	قۆناغی 4	قۆناغی 5	قۆناغی 6
کۆی یەکەکان						

(9) ناوی مامۆستاکان	بڕوانامە	پلەی زانستی	میلاک	گرنبەست یان جۆری تر	کام کۆرس لەوانەی سەرەوە دەڵێتەوە

(10) ئایا مامۆستاکان شوێن (ئۆفیس) ی تایبەتیان بۆ دابینکراوە	بەڵێ نەخێر	ژمارە	هێڵی نیشتەرنیت بۆ هەر ئۆفیسێک هەیە نیە

(11) هۆڵەکانی خوێندن و پێداویستیەکان	ژمارەی هۆڵ	ڕوبەری هۆڵ	داتا شۆ و سکرین هەیە نیە	ژمارەی کورسی

(12) تاقیگەکان	ئایا ئەم تاقیگەیە تایبەتە بە بەشە نونکە؟ بەڵێ نەخێر	ئەگەر تایبەتە بە بەشێکی تر ج بەشێک؟	گەر تایبەت بیت بە بەشێکی تر ئایا نابێتە پالپەستۆ لەسەر ئەو بەشە یان بەشەکانی تر؟
تاقیگەی (1)			
تاقیگەی (2)			
تاقیگەی(3)			
تاقیگەی(4)			

(13) هۆڵی خوێندنەوە و پەرتووکخانە	ژمارەی هۆڵ	ڕووبەری هۆڵ	جۆری گۆڤاری زانستی پەیوەندار بە کۆرسەکە	ژمارەی پەرتوکی پەیوەندار بە کۆرسەکە

(14) ئایا بۆدجەی تایبەت بۆ کردنەوە و بەڕێوەبردنی ئەم بەشە دانراوە	بەڵێ نەخێر	ئەگەر بەڵێ لە کوێ و چۆن؟ چەندە بە پارە؟	بۆ کەلوپەل و ئۆفیس و تاقیگە چەندە بە پارە؟

(15) ئایا ئەم بەشە پێویستی بە کارمەندی ئیداری هەیە؟ کاتی- میلاک – هەمیشەیی	بەڵێ نەخێر	ژمارەی کارمەند: کاتی – هەمیشەیی: ناونیشان:	ئەگەر نەخێر چۆن؟

(16) توانای وەرگرتنی قوتابی	چەندە بە ژمارە	جۆری دەرچوان (خریج) ئەدەبی: علمی:

(17) ئایا دەرفەتی خوێندنی پاراڵاڵ هەیە لەم بەشە نوێ یە؟	بەڵێ نەخێر	ئەگەر بەڵێ چۆن؟ ئایا بە پەیداکردنی داهاتە یان بە (تمویل ذاتی)

(18) پرۆسەی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام چۆن ئەنجامدەدرێت؟	بۆدجەی ئەم دوو پرۆسەیە چەندە و چۆن دابیندەکرێت؟

(19) بەرنامەی تەندروستی و سەلامەتی چۆن پەیڕەو دەکرێت؟	



تێبینی:

گەر خانەکانی ئەم فۆرمە بەشی نەکرد و دەتانەوێت زیاتر لەسەر بابەتەکان بدوێن دەتوانن لە لاپەڕەیەکی تردا بینوسن و هاوپێچی فۆرمەکەی بکەن.

دوای پڕکردنەوە و پێشکەشکردنی ئەم فۆرمە تیمی وەزارەت لەماوەیەکی گونجاودا سەردانی ئەو بەشە نوێیە دەکات و لە نزیکەوە لەگەڵ مامۆستاکان و سەرۆک بەش دادەنیشن بۆ گفتوگۆی زیاتر.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەتوانن پەیوەندی بکەن بە ئیمێل:

sherwan.kafoor@mhe-krg.org





کوالیتی

لە خوێندنی باڵا

دیزاینی ناوەوە: پۆلا مەحمود ئەنومر

دیزاینی بەرگ: بەسام داود سەلیم

فۆتۆگرافەر: هونەر عەباس سالەیی

سەرپەرشتیاری چاپ: کامەران محەمەد